# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە





## تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، پەڵەیەکی نەنگە بەناوچەوانی دەسەڵاتی بەعس و ئێران و سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە...


ساڵی شەشەم ژمارە (140) بەرواری 15-3-2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

# ڕێکەوتنی ئێران و سعودیە، سەرەتای دەورەیەکی نوێ لەناوچەکە!

بەرواری ١٠ ئەم مانگە بە دەسپێشخەری و لەژێر چاودێری وڵاتی چیندا، ئێران و سعودیە ریکەوتنامەیەکیان ئیمزا کرد، بەپێی ئەو ڕیکەوتنامەیە بریارە ئیران و سعودیە لە ماوەی دوو مانگدا سەفارەتخانەکانیان لەهەردوو وڵاتدا بکەنەوە، ریز لە سەروەری یەکتر بگرن، و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ یەکتریدا نەکەن.



ئەوەی ئەم ریکەوتنامەیە بەکوێ دەگات و تا چەندە ئامانجەکانی خۆی وەدی دێنێت، یانا نا، مەسەلەیەکی لاوەکی تر، لە ئامانجە فراوانترەکانە. ئەم ڕیکەوتنامەیە لەهەلومەرجێکدا رویداوە، کە مۆری و نیشانەکانی پێشووی بەلاوازی پێوەیەو مۆرو نیشانەی دۆخی تازەی بەشێوەیەکی بەرجەستە لەخۆی هەڵپێکاوە. ناکامی هەوڵەکانی ئەمریکا لەوەی دنیای یەک قوتبی سازبدات کە خۆی ناوەند و میحوەری جوڵەی دنیا بێت، بە دەستپێکی جەنگ لە ئۆکرانیا، کۆتایی پێهات. دەورەی هەوڵەکانی ئەمریکا بەتەواوەتی نەک بن بەست، بەڵکو سەرەتای دەوریەکی تر و واوەتر و لەوە بازدانێک روویدا. روسیا و وەکو قوتب و هیزێکی سەربازی و نەیاری ئەمریکا و دنیای تاک بلۆکی، لە جەرگەی جەنگی دژی داعشدا!! و لەسوریادا، لەجێگای دەستێوردانی سیاسی و جەنگی نیابەتی، راستەوخۆ هاتە ناو گۆرەپانی ناوچەکە، ئەمە بەر لەهەموو شت ناکامی ئەمریکاو غەرب لە عێراق و سوریا و لە ململانێ بۆ کورتکردنەوەی رۆڵی ئیران لەناوچەکە و رۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتیدا بوو، ئەوە بوارەی بەروسیادا، ئەسپی خۆی بەشێوەی راستەوخۆ و مەیدانی لەناوچەکەدا تاو بدات. ئەم هەنگاوەی روسیا و رۆڵێک کە لەناوچەکە هەیبوو، گواستەوە بۆ ئاستیکی بەرینتر و راستەوخۆتر، بەڵام دەستێوردانی راستەوخۆی روسیا لەناوچەکەو بەتایبەتیش لە سوریادا، تەنها مەیدانی نمایشێکی سەربازی و سیاسی دیاریکراو بە ئامانجی خستنەرووی پەیامێکی جیهانی بوو، واتە دەستێوەردان لە سوریا، بۆ گەیاندنی پەیامێک بەدنیا.

جەنگ لە ئۆکرانیا، کە لەلایەکەوە ئەمریکا

بۆ لاپەڕە 2

## پێگەی ژنانی ئازادیخوازی ئێران، لە مەراسیم و چالاکیەکانی ٨ مارسی دنیادا...




ئەمساڵیش وەکو ساڵانی رابردوو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵ و هەڵسوڕاوانی فیمینست و حزب و رێکخراوەکانی لایەنگری لە مافەکانی ژنان، لەسەرتاسەری دنیادا و بەبۆنەی هەشتی مارس رۆژی جیهانی ژنانەوە، مەراسیم و ئاهەنگ و رێپیوان و چالاکی جۆراو جۆریان وەرێخست... زۆرێک لەولاتانی دنیا و شەقامەکانی بوونە نمایشی بزوتنەوەی

بۆ لاپەڕە 3

## ژن، ژیان، ئازادی

## جاڕنامەی لانی کەمی داواکاریەکانی سەندیکا کرێکاریی و ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆکان بۆ شۆڕشی ئەمڕۆی ئێران!




**خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی ئێران!**

لە ٤٤ هەمین ساڵیادی شۆڕشی ١٩٧٩ دا، شیرازەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات کەوتوەتە ناو گێژەڵوکەی قەیران و هەڵوەشانەوەیەکی وەها کە هیچ دیدگایەکی ڕون و بەرهەمدار ناتوانرێت لە چوارچێوەی ئەم ڕوبینا سیاسیەدا کە ئێستا هەیە سەرکەوتوبێت بۆ کۆتاییپێهێنانی، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە کەخەڵکی ستەملێکراوی ئێران - ژنان و گەنجانی خوازیاری ئازادی و یەکسانی - شەقامی شارەکانیان لە هەموو وڵاتدا کردوەتە ناوەندی خەباتێکی مێژویی و چارەنوسساز بۆ

بۆ لاپەڕە 4

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەبڕینی قۆناغەکانی گەشەکردنی....ل3
- سەردار عەبدوڵا حەمە وەڵامی پرسی ڕۆژ دەداتەوە.......................................ل5
- ناتالی لومێل، کەسایەتییەکی دیاری کۆمۆنەی پاریس.......................................ل6
- داواکاریەکانمان داخستنی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئیرانە لە لەندەن.............ل6
- مەنسور حیکمەت دەربارەی تاکتیکی دەستبەسەراگرتنی نەوتی کەرکوك لەلایەن.......ل7
- بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری.......................................ل9
- 140 ساڵ دوای مەرگی، دنیا لەهەمووکات زیاتر پێوستی بەمارکسە.........................ل10


## دۆسیەی ژمارە " ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"



### هاوڕێ حەسەن مارف وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل11


پرسی ڕۆژ ل5
پرسی ژن ل7
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

و غەرب و ناتۆ وەستاون و لە لایەکی تر روسیا و هاوکارە سیاسی و هاوبەش لە پەیامی جەنگی دژە ئۆکرانیا، چین و هاوبەشە ناوچەیەکانیان وەستاون، دنیای خستە سەر ئاستانەی ئاڵوگۆڕێکی نوێ... ئاڵوگۆڕێک کە ئیتر ئەمریکا نەک پۆلیسی دنیا، بەڵکو رووبەڕووە لەگەڵ بلۆکێکی تازە قەوارەگرتوو، کە بەشی خۆی لە دنیای ئەم سەردەمە دەوێت و خوازیارە ئەم رۆڵەشی لە دنیای واقییدا بۆ بەفەرمی بناسرێت و دانی پیابنرێت...

دیارە رۆژهەڵاتی ناوەراست مەیدانێکە کە دەتوانێت باڵانسی هێز و باڵادەستی قوتبە جیهانیەکان بەسەر دنیادا، بگورێت... بۆیە هەموو ئەزمە و جەنگ و کێشمەکیشە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە، نەک هەر بواری داوە بەوەی ئیران و سعودیە دەستێوردانی تیا بکەن، بەڵکو خۆیان لەخولقاندنی ئەم ئەزمەو جەنگ و کیشمەکێشەدا، رۆڵیان بووە. وە ململانێی نیوانیان لەهەموو وڵاتانی ئەزمەگرتووی ناوچەکەدا، حاشا هەڵنەگرە... بۆیە ریکەوتنیان، لەگەڵ ئەوەدا دەتوانێت تا رادەیەک ئارامی بۆ ناوچەکە بگرێتەوە، بەڵام ئەوە وەهمێکی کوشندەیە وا لێک بدریتەوە کە ئەم ریکەوتنامەیە ئارامی و ئاسایشی تەواو بۆ ناوچەکە دەگێرێتەوە، بەڵام چوارچێوەیەکی نوێ بە ململانێکان دەبەخشێت. چوارچێوەیەک کە چ ئیران و چ سعودیە، وەکو دوو بلۆکی ناوچەیی دان بە واقعیەت و بوونی یەکتریدا دەنێن و هەردوو لەتوانایدا بووە بۆ پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی رژیمی ئیران و کەناڵەکانی دەستێوردان لەناوخۆ ئیراندا کەڵکی وەرگرتووەو و لەگەڵ خرۆشان و راپەرینی خەڵکی ئیرانیشدا میدیایەکی کارای خستۆتە گەر، بەڵام کە ئیستا رەوتی روداوەکان دەخوێنەوە، گرنگی گۆڕینی ئەم رەوەندە بە پێداویستیەکی خێرا دەزانن.

بۆ ئەمریکا و غەرب کە هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو ئیران بەتەواوەتی تەریک و گۆشەگیر بکەن، تا لەو رێگایەوە بتوانن لە دانوستاندنەکاندا کەڵکی لێوەر بگرن، بە ریکەوتنی نێوان ئیران و سعودیە لەسەر دەستی چین، ئەم هەوڵەی ئەمریکا و غەرب... مایەپوچ بوو، جیا لەوەش پێگەی ئیران لە ململانێی لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەهێز دەکات.

**بۆ چین جەنگی ئابوری لەگەڵ ئەمریکا لەهەلومەرجی تازەی دنیایدا، بەتەنها زۆر لە چاوەڕوانی پەکین کەمترە، بۆیە گێرانی رۆڵی سیاسی لەناوچەکەدا، ئەو هەنگاویە کە چین لەدەسپێکیدایە و دەیەوێت لە ناوچەکەدا ببێتە یایزانێکی سیاسیش، رۆڵی لە ریکەوتنامەی ئیران و سعودیەدا، هەنگاوێك لەو راستایەدایە... دیارە ئەوە گورزیکیشە لە رۆڵی ئەمریکا و غەرب لەناوچەکەدا.**

رۆژهەلاتی ناوەراست بووە ئەو جێگایەی کەدەبوو کاری لەسەر بکرێت و ناکامیەکانی ئەمریکا و غەرب لەم ناوچەیە وەکو گۆرەپانێکی گرنگ لەلایەن نەیارەکانی ئەمریکا و غەربەوە کەڵکی لێوەبگریت. بۆیە چ روسیا و چ چین وەکو دووهاوبەش و خاوەن یەک ئیستراتیژی، کە ڕەتکردنەوەی جیهانی یەک قوتبییە، دەیانەوێت رۆڵیان لە ئاستی ناوچەکەدا ببەنە ئاستێکی باڵاتر... بەتایبەتی بۆ چین جەنگی ئابوری لەگەڵ ئەمریکا لەهەلومەرجی تازەی دنیایدا، بەتەنها زۆر لە چاوەڕوانی پەکین کەمترە، بۆیە گێرانی رۆڵی سیاسی لەناوچەکەدا، ئەو هەنگاوەیە کە چین لەدەسپێکیدایە و دەیەوێت لە ناوچەکەدا ببێتە یایزانێکی سیاسیش، رۆڵی لە ریکەوتنامەی ئیران و سعودیەدا، هەنگاوێک لەو راستایەدایە... دیارە ئەوە گورزیکیشە لە رۆڵی ئەمریکا و غەرب لەناوچەکەدا.

ئێران و سعودیە، دوو قوتب و بلۆکی ناوچەیین، کە رۆڵیان لەناوچەکەدا و لەهەر ئەزمە و جەنگ و ململانێیەکدا بەرجەستەیە. لاش لەسەر بەشداری و رۆڵگیرانی یەکتری هاوئاهەنگی دەکەن... جیا لەوانەش ئێران و سعودیە لەدۆخی ئێستادا، کە ئێران کەوتۆتە بەردەم سێلاوی راپەرین و بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیرانەوە، درێژەدان بە ململانێکانیان لە ناوچەکەدا لەیەمەنەوە و بۆ عیراق و سوریا و وە دەستێوردانی یەکتری لە دۆخی ناوخۆی یەکتریدا، بەزیانی هەردوو لایان تەواو دەبێت. روخانی جمهوری ئیسلامی لەرێگای راپەرین و هاتنە مەیدانی لەخوارەوەی جەماوەری، هاوکیشەی سیاسی تەواوی رۆژهەلاتی ناوەراست دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و هیچ کام لە وڵاتەکانی ناوچەکە" سونی یان شیعی" لە زەبری ئەم ئاڵوگۆرە ناپارێزێت... بۆیە رێگەگرتن لەوەی ئیران لەلایەن جەماوەری نارازی و تورەوە سەرەنگری بکرێ، هەوڵێکی پێشگیرانەیە بۆ پاراستنی سیستەم و دەسەلاتی خۆیان و دورگرتنیەتی لە زەبر وکاریگەرییەکانی روخانی ئەم رژێمە وەکو قوتب و بلۆکێکی کاریگەر لەناوچەکەدا. سعودیە لەململانێی خۆیدا لەگەڵ ئیران چەندین ساڵە هەرچی هاوکات ئەمە دەرفەتێک دەدات بە ئیران، تا هەناسەیەک لە دۆخی ئیستایدا، کە لەسەر لێواری قەبرە، بدات.

دیارە چ بۆ ئەمریکا و غەرب و چ بۆ روسیا و چین... روخانی جمهوری ئیسلامی لە خوارەوە و لەلایەن بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەرییەوە نەک نەخوازراوە، بەڵکو وەکو مەترسییەک تەماشای دەکەن، بۆیە یەکێک لە ئامانجە هاوبەشەکانی چین و روسیا و ئەمریکاو غەرب، لەناو دەیان و سەدان دۆسیەی پڕ گرژی و ململانێدا، بەرگرتنە بە روخاندنی ئەم رژێمە، نەرمی نواندنی ئەمریکاو کاردانەوە شلەتێنەکەی بەرامبەر بە رۆڵی چین لە پەیوەند بە ریکەوتنی ئیران و سعودیە لەژێر چەتری چیندا، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام گومان لەوەدایە نییە ئیتر ململانێی سیاسی و ئابوری نێوان ئەمریکا و چین، لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا دەبێتە واقعیەتی ئەم دەورەیە.

**ناوەراستی مارسی ٢٠٢٣**

**دیارە چ بۆ ئەمریکا و غەرب و چ بۆ روسیا و چین... روخانی جمهوری ئیسلامی لە خوارەوە و لەلایەن بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەرییەوە نەك نەخوازراوە، بەڵکو وەکو مەترسییەك تەماشای دەکەن، بۆیە یەکێك لە ئامانجە هاوبەشەکانی چین و روسیا و ئەمریکاو غەرب، لەناو دەیان و سەدان دۆسیەی پڕ گرژی و ململانێدا، بەرگرتنە بە روخاندنی ئەم رژێمە...**

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەی تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

# درێژەی...پێگەی ژنانی ئازادیخوازی ئێران، لە مەراسیم و چالاکیەکانی ٨ مارسی دنیادا...




یەکسانیخوازی ژنان.. ژنان لەم ڕۆژەدا جارێکی تر پەیامی نەفرەت لە زوڵم و زۆر و بێمافی و جیاکاریان، بەدەنگی ڕەسا لەدژی نیزامی سەرەوخواری سەرمایەداری و دەوڵەتەکان وتەوە.

ئەمساڵ لە هەلومەرجیکدا ژنان، لەسەراسەری دنیادا، ریزیان لە ٨ مارس ڕۆژی جیهانی ژنان و رەمزی نەفرەت لەئاپارتایدی رەگەزی گرت... کە لەلایەکەوە هیرشی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان، چ لە مەیدانەکانی کار و بەرهەم هێناندا بۆسەر ژنانی کریکار و بێکار پەرەپێداوە و چ لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگەدا، پاشەکشەیان لەمافەکانی ژنان و هاوکات ملیان بەرەو کۆنەپەرستی چەرخاندوەو و لەژێر ناو و پاساوی پوچی پۆست مۆدێرنە" مەڵتی کەڵچەریزم" دا، بەشیکی بەرین لە ژنانیان، لە مافە ئینسان داگرەکان، بێبەش کردووە. جیا لەوانەش قورسایی گرانی و بیکاری و نەداری و لێکەوتەکانی جەنگیان بەپلەی یەکەم بەسەر ژناندا شکاندۆتەوە... ژنان بەدژی ئەو دۆخەدا هاتنە مەیدان و مۆری نەفرەت لەو هەلومەرجە سەختە بە بزوتنەوەی دژە هەلاواردن و بیمافی سەرمایەداریدا، بەرۆشی خستەوە ڕوو، بەڵام هاوکات و لەوە زیاتر بزوتنەوەی ژنان و بزوتنەوەکانی بەرگری لەمافەکانی ژنان، لەسەراسەری دنیادا، مۆری پێشرەوی و هاتنە مەیدانی ژنانی ئێرانی پێوە بوو... دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" لە زوربەی هەرەزۆری خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکاندا دەبینراو و پشتوانی لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێران و ڕۆڵی بەرجەستەی ژنان بەتایبەتی، سیمای هەشتی مارسی ئەمساڵی نەخشاندبوو.

کاریگەری بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئێران بەگشتی و ڕۆڵی ژنان لەو بزوتنەوەیەدا، بەدژی دەسەڵاتی نەنگینی سەرمایە لەئیران کە رەمزی دژە ژن بوون و کۆنەپەرست بوون و ئیسلام بوون و بیمافی هەمەلایەنەیە لە دنیای ئەمڕۆدا، هێندە کاریگەر و جێگا ئومێدە، کە دەتوانێت لە پێشرەوی خۆیدا، ئاڵوگۆری گەورە بەسەر بەشێکی ئیکجار زۆر لە وڵاتانی دنیا و بزوتنەوەی ژناندا بهێنێت و تەکانێکی گەورە بە سودی ئازادیخوازی و بەرابەری بدات.

لەناو جەرگەی ئەورپاوە تا دەگاتە ئەفغانستان و وڵاتانی ئەمریکای لاتین و دنیای عەرەب و تا دەگاتە عێراق و کوردستان، مۆری پیشرەوی بزوتنەوەی ژنانی ئیران، بە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانەوە وەکو ناسنامەی ئاشکرا لەدژی پیاوسالاری و بێمافی ژنان دەبینراو و پشتیوانیش لەو بزوتنەوەیە، هاوشانی داخوازییەکانیان بوو.

بەجیا لە خواستی دیاریکراوی ژنان کە زادەی تایبەتمەندێتی هەر کۆمەڵگەیەک بوو، وە بەجیا لە ناوەرۆکی گشتی بزوتنەوەی ژنان لەدنیادا، خاڵی هاوبەشی بزوتنەوەی هەشتی مارس و ئاکسیۆنەکانی، نەفرەت بوو لە نیزامی سەرمایەداری وەکو سەرچاوەی سەرەکی بیمافی و هەلاواردن و ستەمی سەر ژنان و پشتیوانی بوو لە بزوتنەوە یەکسانیخوازی ژنان و راپەرینی خەڵکی ئیران...

دیارە بەهەمان ئەندازەی رادیکالیزەبوونی بزوتنەوەی ژنان و دەربرێنی پشتیوانی لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی ئیران و ڕۆڵی حاشاهەڵنەگری بەرجەستەی ژنان تیایدا، هیز و دەوڵەتە دژە ژن و کۆنەپەرستەکان نیگەران و نارەحەت بوون و لە ئاسۆی سەرکەوتنی خەڵکی ئیراندا، مەرگ و پەلەقاژەی خۆیان دەبینی.

## پێوەری ئازادی ژن، پێوەری ئازادی کۆمەڵگەیە...

# کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەبڕینی قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانیدا، لەسەرەتاوە بۆ ئەمڕۆ



کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەرەتای دروستبوونی ژیانەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ چەندین قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئابووری بڕیوە. هەر قۆناغەش فرماسیۆنی ئابووری کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەبووە. هەتا ئێستاش لەسەردەمی داروین و فدریک ئەنگلس و کارل مارکسەوە چەندین کتێب و توێژینەوەی زانستی لەسەر گەشەکردنی قۆناغەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نووسراون. سەرەتای یەکەم قۆناغیش لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە دەستپێدەکات. کە لەو قۆناغەدا کاری مرۆڤ تەنها لە دەستەوە بۆ دەم بووە. بیر لە هیچ پاشەکەوتێک بۆ ژەمەکانی تر نەکراوەتەوە. مرۆڤ لەسەر خواردنی گیاو بەرووبوومی سروشت ژییاوە. ئاژەڵی ڕاوکردووە. پێستەکەی لەخۆی ئاڵاندووە و خۆی پێگەرم کردۆتەوە. دۆزینەوەی ئاگریش لەو قۆناغەدا هەر بەرێکەوت بووە. ژن لەو سەردەمەدا دەسەڵاتێکی باڵایان بەسەر پیاودا هەبووە. سەربڕینی ئاژەڵ و پەلەوەریش بە بەردی تیژبووە، چونکە چەقۆ لەو کاتەدا بوونی نەبووە.

دوای قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی، قۆناغی کۆیلایەتی دەستپێدەکات. ئەم قۆناغە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە  کە هۆش و ئاوەزی مرۆڤ وردە وردە بەرەو پێشەوە گەشەی کرد و بیری لەوە کردەوە خێزان دروست بکات. دەس بەکاری کشتوکاڵی بکات. ئاژەڵەکان ڕابهێنێ بۆئەوەی لەژێر کۆنترۆڵیدا بن. ئەمانەش پێویستی بەهێزو بازووی مرۆڤ هەیە. لەبەرئەوە مرۆڤە دەسەڵاتدارە بەهێزەکان کەوتنە کۆنترۆڵکردنی مرۆڤە بێدەسەڵاتە بێهێزەکان. پاشاو دەسەڵاتدار پەیدابوون. بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە سەریهەڵدا. تەنانەت زۆر جار مرۆڤ

بەو پارچە زەوییەشەوە دەفرۆشرا کە بەدانەوێڵە بەرهەمی دەهێنا. چەندین جاریش بۆ کات بەسەربردنی مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان مرۆڤە کۆیلەکان دەکران بەگژی یەکتریدا و خوێنی یەکترییان دەڕشت. مرۆڤە کۆیلەکان وەک ئاژەڵ کڕین و فرۆشتنییان پێوە دەکرا. دەست و پێیشییان زۆربەی کات لە کۆت و پێوەندابووە. ئەم قۆناغە هەتا ئەوکاتە درێژەی کێشا، کەشۆڕشی کۆیلەکان لەسەردەستی سپارتاکۆس کۆتایی بەو قۆناغە قێزەونە هێنا. بەڵام دوای ئەو قۆناغە قۆناغی دەرەبەگایەتی دەست پێدەکات کە هیچی وای لە قۆناغی کۆیلایەتی کەمتر نییە. بەڵام تەنها کڕین و فرۆشتنی مرۆڤی تێدا نەما. ئیدی مەسەلەی دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زار پەیدابوو . ئاغایەتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە پەیدابوو. جوتیاران دروستبوون .بەڵام بە بەشێکی مەمرە و مەژی دەبوایە بە بەردەوامی لە خزمەتی دەربەگدا بوونایە. کارگەیشتبوو بەوەی دەبوایە سوورانەشیان بدایا بە ئاغا. واتە یەکەم شەوی بووک دەبوو بۆ ئاغابووایە. هەر لەو سەردەمەدا عێل و عەشرەتگەرییش دروستبوون. ئاغاش دەبوو بە سەرۆک عەشرەت، بەڵام بەهۆی زیاتر دەوڵەمەندبوونی دەرەبەگەکانەوە سەرەتای سەرهەڵدانی قۆناغی سەرمایەداری سەریهەڵدا، چونکە دەرەبەگەکان پێویستییان بە بازاڕ هەبوو بۆ ساخکردنەوەی بەروبوومەکانییان. ئەمەش وایکرد شار درووست ببێ. ئیدی وردە وردە دەربەگەکان بوون بە سەرمایەدار . جوتیارەکان هەندێکییان بەرەو شارەکان ڕەوییان کرد. کەوتنە کاری مانیفاکتۆرەی بچووک. هەندێکیشیان بوون

بە ساغکەرەوەی بەروبوومی سەرمایە تازە پەیدابووەکان. هەر لێرەوە چینی کرێکاران پەیدابوون. ململانێی نێوان کرێکار و سەرمایدار پەیدابوو، بەشێوەیەکی سەرەتایی خەباتی چینایەتی سەری هەڵدا. قۆناغی سەرمایەداری بەهۆی شۆڕشی پیشەسازییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. چەوسانەوەی کرێکاران بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد. ئەمەش بوو بەهۆکاری سەرەکی کە بیر لە دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی چینایەتی بکرێتەوە. هەڵبەت دوای قۆناغی سەرمایەداری . قۆناغی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی دێت کە ئەمەش حەتمییەتی!! مێژووییە و دەبێت هەربێتەدی. کرێکاران و چین و توێژە ڕەنجەدەرە زەحمەتکێشەکان بەو شۆڕشە خوێناوییە هەڵدەستن ئەمەش بۆ بڕینی قۆناغی سەرمایداری و چوون بەرەو قۆناغی سوشیالیستی و کۆمۆنیستییە، هەر لەوکاتەدا دوو گۆڕی مێژوویی هەڵدەکەنن گۆڕێکییان بۆ بەرەی سەرمایەداریی و گۆڕی دووەمیشییان بۆ خۆیان، چونکە ئیتر هیچ چینێک نامێنێ، هەتا ململانێی یەکتری بکەن. ئەمە کورتەیەک بوو لەسەر قۆناغەکانی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.

**نووسینی: مەلا ڕێباز**

کۆتاییهێنان بە هەلومەرجە نامرۆییەکانی ئێستا ئەوە پێنج مانگ زیاترە سەرەڕای سەرکوتکردنی خوێناوی حکومەت، بۆ ساتێکیش پشوویان نەداوە.

ئاڵای ناڕەزایەتییە بنەڕەتیەکان کە ئەمڕۆ لەلایەن ژنان، قوتابیان، مامۆستایان، کرێکاران، داواکاران، هونەرمەندان، پەلکەزێرینەکان، نووسەران و گشت جەماوەری ستەملێکراوی ئێران لە سەرانسەری وڵات لە کوردستانەوە تا سیستان و بەلوچستان بەرزکراوەتەوە و بێوێنەترین پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ خۆی راکێشاوە، ناڕەزایەتییەکە لە دژی توندوتیژی دژی ژنان و جیاکاریی جێندەری، نائەمنی ئابوری بێکۆتایی، کۆیلایەتی هێزی کار، هەژاری و نەهامەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی، چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاینی، شۆرشێکە لەدژی هەموو جۆرە ستەمکاریەکی ئاینی و نائاینی کە زیاتر لە یەک سەدەیە، بەسەر ئێمە گشت خەڵکی ئێراندا سەپێنراوە.

ئەم ناڕەزایەتییە ژێرەوژورکەرە لە چوارچێوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە گەورە مۆدێرنەکان و سەرهەڵدانی نەوەیەکی شکست نەخواردودا سەرهەڵدەدەن کە بڕیاریان داوە کۆتایی بە مێژوی سەد ساڵ دواکەوتویی و پەراوێزخستنی ئایدیای کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و ئاوەدان و ئازاد لە ئێران بهێنن.

دوای دوو شۆرشی مەزن لە مێژوی هاوچەرخی ئێراندا، ئێستا بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە پێشەنگەکان – بزوتنەوەی کرێکاریی، بزوتنەوەی مامۆستایان و خانەنشینان، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، خوێندکار و لاوان و بزوتنەوەی دژ بەسزای لە سێدارەدان و هتد–ن لە رەهەندێکی جەماوەریدا و لە خوارەوەشەوە لە پێگەی کاریگەریدا دانراون لە رۆڵێکی مێژویی و چارەنوسسازدا لە داڕشتنی پێکهاتەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا وەستاون.

بۆیە ئەم بزوتنەوەیە ئامانجی ئەوەیە بۆ هەمیشە کۆتایی بە پێکهێنانی هەر دەسەڵاتێک لە سەرەوە بهێنێت و سەرەتای شۆرشێکی کۆمەڵایەتی و مۆدێرن و ئینسانی بێت بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەکان لە هەموو جۆرەکانی ستەم و هەڵاواردن و چەوساندنەوە و ستەمکاری و دیکتاتۆریەت.

ئێمە، ئەو ڕێکخراوە پیشەیی و دامەزراوە مەدەنیانەی کە ئەم جاڕنامەیەمان واژۆ کردوە، بە گرنگیدان بە یەکریزی و پێکەوەگرێدانی بزوتنەوە و داواکاریە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگیدان بە خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی نامرۆڤانە و وێرانکەری ئەمڕۆ، ئەم لانی کەمی داواکاریانەی خوارەوە وەک هەنگاوی یەکەم و دەرئەنجامی ناڕەزایەتیە بناغەیەکانی خەڵکی ئێران و تاکە ڕێگەی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی مۆدێرن و ئینسانی وڵات دەزانین و

# ژن، ژیان، ئازادی

## جاڕنامەی لانی کەمی داواکاریەکانی سەندیکا کرێکاریی و ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆکان بۆ شۆڕشی ئەمڕۆی ئێران




داوا لە هەموو مرۆڤە شەریفەکان دەکەین کە ئازادی و یەکسانی و رزگاری لە دڵیاندایە، هەر لە کارگەکانەوە تا زانکۆ و قوتابخانە و گەڕەکەکان بۆ سەر شانۆی جیهانی، بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەم لانیکەمی داواکاریانە ئەوان لوتکەیەکی بەرزی رێگای ئازادیان هەیە.

١. ئازادکردنی دەستبەجێ و بێمەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و قەدەغەکردنی بەتاوان ناساندنی چالاکیە سیاسی و سەندیکایی و مەدەنیەکان و دادگاییکردنی ئاشکرای ئەو کەسانەی بەرپرسن لەسەرکوتکردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان.

٢. ئازادی بێمەرجی بیروڕا و ڕادەربڕین و بیرکردنەوە، ڕۆژنامەگەری، حیزبی، یەکێتیە ناوخۆیی و هاوپیشەییەکان و ڕێکخراوە جەماوەریەکان، کۆبوونەوە، مانگرتن، ڕێپێوان، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و میدیای دەنگی و ڤیدیۆیی.

٣. هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی فەرمان و جێبەجێکردنی هەر جۆرە سزایەکی مردن و لەسێدارەدان و تۆڵەسەندنەوە و قەدەغەکردنی هەر جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەرونی و جەستەیی.

٤. ڕاگەیاندنی دەستبەجێی یەکسانی تەواوی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری و خێزانیەکان، هەڵوەشاندنەوەی بێمەرجی یاسا و فۆرمەکانی هەڵاواردن دژی پەیوەندی و مەیلی سێکسی و جێندەری، دانان بە کۆمەڵگەی پەلکەزێرینەکان "LGBTQIA Plus"، بەتاواندنانی هەموو پەیوەندی و مەیلەکانی ڕەگەزی و پابەندبونی بێمەرج بە هەموو مافەکانی ژنان بەسەر جەستە و چارەنوسی خۆیان و ڕێگریکردن لە کۆنترۆڵی پیاوسالارانە بەسەریاندا.

٥. ئاین بابەتی تایبەتی تاکەکانە و نابێت لە چارەنوس و یاسا سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کولتوریەکانی وڵاتدا بەشدار بێت.

٦. دەستەبەرکردنی سەلامەتی کار و ئاسایشی کار و زیادکردنی دەستبەجێی موچەی کرێکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران و سەرجەم کرێکارانی کارمەند و خانەنشین بە ئامادەبون و بەشداری و ڕێککەوتنی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخراوە سەربەخۆ و سەراسەریەکانیان.

٧. هەڵوەشاندنەوەی یاسا و هەر تێڕوانینێک کە لەسەر بنەمای هەڵاواردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئاینی بێت و دروستکردنی ژێرخانی پشتیوانی گونجاو و دابەشکردنی دادپەروەرانە و یەکسانی ئاسانکاریەکانی حکومەت بۆ گەشەکردنی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەموو ناوچەکانی وڵات و دابینکردنی ئاسانکاری پێویست و یەکسان بۆ فێربوون و فێرکردنی هەموو زمانە باوەکانی کۆمەڵگە.

٨. هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە و ئۆرگانەکانی سەرکوت و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت و بەشداری ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە ڕێگەی شورا ناوخۆیی و سەرتاسەریەکانەوە. دەرکردنی هەر بەرپرسێکی حکومی و ناحکومی لە لایەن دەنگدەرانەوە لەهەر کاتێکدا کە پێویستە لە مافە بنەڕەتیەکانی دەنگدەران بێت.

٩. دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی هەموو کەسانی حەقیقی و یاسایی و دامەزراوە حکومی، نیمچە حکومی و تایبەتەکان کە بە تالانی ڕاستەوخۆ یان کرێی حکومەت موڵکو سامانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێرانیان بردوە. ئەو سەروەت و سامانەی لەم دەستبەسەرداگرتنانە بەدەست هاتووە، پێویستە بەپەلە بۆ مۆدێرنکردن و ئاوەدانکردنەوەی پەروەردە، سندوقی خانەنشینی، ژینگە و پێداویستیە ناوچەیەکان و چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران کە لە سەردەمی دوو ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ڕژێمی پاشایەتیدا بێبەشبون و ئیمکاناتی کەمتریان هەبووە، خەرج بکرێت.

١٠. کۆتاییهێنان بە لەناوبردنی ژینگە، جێبەجێکردنی سیاسەتی بنەڕەتی بۆ گەڕاندنەوەی ژێرخانی ژینگەیی کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لەناوچووە، و هاوبەشکردنی ئەو بەشانەی سروشت (وەک لەوەڕگە، سەیرانگە، دارستان و دامێنی گردەکان) کە لە شێوەی تایبەتکردنی مافە گشتیەکاندان، خەڵک لێیان بێبەش کراوە.

١١. قەدەغەکردنی کاری منداڵان و دابینکردنی ژیان و خوێندنیان جیا لە پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزان. دروستکردنی خۆشگوزەرانی گشتی لە ڕێگەی بیمەی بێکاری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەهێز بۆ هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە تەمەنی یاساییدایە کە ئامادەن بۆ کارکردن یان ناتوانن کار بکەن. خوێندن و چاودێری تەندروستی بێبەرامبەر بۆ هەموو مرۆڤەکان.

١٢. ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە ئاستە بەرزەکاندا لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای پەیوەندی دادپەروەرانە و ڕێزگرتنی یەکتر و قەدەغەکردنی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و هەوڵدان بۆ ئاشتی جیهانی.

لە ڕوانگەی ئێمەوە، بە لەبەرچاوگرتنی بونی سامانێکی ژێرزەمینی پۆتانسێل و ڕاستەقینە لە وڵاتدا و بونی خەڵکێکی وشیار و بەتوانا و نەوەیەکی گەنج و تازە پێگەیشتو کە پاڵنەرێکی زۆریان هەیە بۆ چێژوەرگرتن لە ژیانێکی خۆش و ئازاد و خۆشگوزەران، دەتوانرێت دەستبەجێ ئەو لانی کەمی داواکاریانەی سەرەوە بەدی بهێنرێت.

ئەو داخوازیانەی لەم جاڕنامەیەدا باسکراون، تەوەری گشتیی داخوازیەکانی واژۆکەرانمان لەبەرچاو دەگرێت و دیارە لە درێژەی خەبات و هاودەنگیماندا بە شێوەیەکی وردتر و وردبین مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

* شورای هەماهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی کارمەندانی پەروەردە و فێرکردنی ئێران
* یەکێتی ئازادی کرێکارانی ئێران
* یەکێتی ڕێکخراوەکانی خوێندکاری و خوێندکارانی یەکگرتوو
* سەنتەری داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ
* سەندیکای کرێکارانی کۆمپانیای نیشکار هێفت تەپە
* شورای ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکارانی گرێبەستی نەوت
* ماڵی ڕۆشنبیری ئێران (خەفا)
* بەئاگاهاتنەوە

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## سەردار عەبدوڵا حەمە وەڵامی پرسی ڕۆژ دەداتەوە...



**پرسی ڕۆژ/ لەسەروبەندی یادی ڕاپەڕیندا کە بڕیاربوو باسی زیندانی بیروڕای سیاسی و جیاواز نەبێت و بەئازادی و بێ سانسۆر قسەی دڵی خۆمان بکەین. لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان باوکی یەکێك لەوگیراوانەی بەتۆمەتی ئەوەی گومانیان هەبووە کە سەر بە داعشە دادگایی کراوە و سزا دراوە. لەبەردەمی کامێرا و میدیاکاندا ئاماژەی بەچەند شتێك کرد سەبارەت بەکورە سزادراوەکەی:**

**کوڕەکەی بەتۆمەتی داعش دەستگیرکراوە، وەك خۆی دەڵێت ئێمە مارکسین و تەنانەت خۆم کورەکەم هاتوچۆی مزگەوتیش ناکەین!**

**لەزینـدان ئەشکەنجەی زۆر دراوە تەنانەت لەسەر شێوەی ئەشکەنجەدانی بەعس وەك (بتلی شوشە خستنە ناو لەشی کەسەکە)!**

**لەیادی ڕاپەڕین ئێوە قسەتان چییە لەبەرامبەر ئەو کردەوەیەی کە دادگا و ئاسایشی هەرێم دەیکات لەبەرامبەر هاووڵاتیانی خۆی، کە دنیایەك ئاوات هەبوو لەدوای ڕاپەڕین ئاسەوار و کردارەکانی بەعس و ڕژێمەکانی لەجۆری بەعس و جمهوری ئیسلامی ئێران و تورکیا و سوریا نەبینین؟ لایەنە یاساییەکەی چۆن دەبینن؟**

**بەڕێز سەردار عەبدوڵا حەمە یەکێك لەزیندانیانی بەعس و ئەمنە سوورەکە، بەمشێوەیە وەڵامی پرسی رۆژی داینەوە.**

سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە تا بتوانم لەڕێگا
ی بۆ پێشەوەوە ڕاو بۆچوونی خۆم لەم بارەوە دەربڕم.

ئامانجی ڕاپەڕین و شۆڕش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بریتیە لە گۆڕینی با
رودۆخی خراپ بۆ باشتر. بۆیە ناکرێ بە

هەموو هەستان وخرۆشانێکی خەڵك بووترێت ڕاپەڕین وەك ئەوەی ل
ە کوردستاندا ڕووی دا. چونکە بارودۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵای
ەتی نەك هەر نەگۆڕا، بەڵکو خراپتری کرد.

با بێمە سەر لایەنی سیاسی کە پەیوەندە بە پرسیارەکەی ئێوەوە، لەد
نیادا یەك دەسکەوتی مرۆڤایەتی هەیە کە

بەخەباتی کرێکاران وئازادیخوازان و کۆمۆنیزم
و چەپ بەدەستهاتووە، ئەویش ئەوەیە نابێ هیچ کەس لەسەر باوەڕ
ی سیاسی جیاواز زیندانی بکرێت، ئەمە لە
کۆمەڵگەی ئەوروپی وڕۆژئاوادا تا ئاستێکی باش پەیڕەو دەکرێت، بەڵا
م لە دونیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەی کە پێی دەگووترێت وڵاتان
ی
ئیسلامی و عەرەبی؛ پەیڕەو ناکرێت، لە نێو ئەمانیشدا هەرێمی کورد
ستانە.

لە کاتێکا هەردەسکەوتێکی مرۆڤایەتی دەبێت بۆ هەموو کۆمەڵگەی
مرۆڤایەتی بێت. لە ماوەی دەسەڵاتی دوو حزبی پارتی ویەکێتی خەڵ
ك لەسەر بیروڕای جیاوازی سیاسی زیندانی دەکرێ، لەوەش خراپترد
ەرفێنرێن هەندێك
جار سەرنگون و تیرۆر دەکرێن. ڕاستە خەڵك ئیعدام ناکرێ لە بەر ئەم
هۆیە، بەڵام ئەم شێوازەی ئەمان خراپترە لە

ئیعدام کردن.

بۆیە دەتوانین بڵێین بەهۆی باڵادەستی دوو حیزبی میلیشیایی و مافی
ایی، کە پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەك ناکەن،
ودرێژە بە ڕەفتارەکانی بەعسی فاشی دراوە وە تائێستاش بەردەوامە.

سەبارەت بەو باوکەی قسەی بۆ میدیاکان کرد
و گووتی تۆمەتی داعشیان بۆ کوڕەکەی دروستکردووە، من نازانم ئە
م تۆمەتە چەندە ڕاستە؟ بەڵام
نموونەی ناڕاستی ئەم تۆمەتانە پێشتر هەبووە بۆ نموونە؛ بەسەردە
شت عوسمانیان گووت تیرۆریست بووە، لەکاتێکا ڕۆژنامەنوسێکی ئ
ازاد
وخاوەن بیروڕایەکی ئازادیخوازانە وئینسان دۆستانە بووە، تەنها بیروڕ
ای جیاوازی هەبووە لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدارادا.نموونە زۆرە لەمبار
ەوە وەك فەرهاد
فەرەج کوشتنی نەزیر عومەری کۆمۆبیست و چەندین موخالیفی سی
اسی لە ساڵی نەوەدەکان لە بادینان تیرۆر کران و لە سلێمانیش ٥
کۆمۆنیستیان بە ڕۆژی ڕووناك تیرۆر کرد و لاشەکانیشیان نەدایەوە ب
ەکەسوکاریان.

هیچ کات دەسەڵاتدارانی پارتی ویەکێتی نەیان
وتوە ئەمانە بەهۆی سیاسیەوە بووە، بەڵکو تۆمەتی تریان بۆ هەڵبە
ستوون، وەك ئاژاوە گێڕ
وتیرۆریست وشتی تر... هەروەك بەعس تۆمەتی تێکدەر وموخەریبی
بەکار دەهێنا.

سەبارەت بە ئازارو ئەشکەنجەی زیندانیەکان، بەهەر تۆمەتێکەوە بێ
ت ڕەفتارێکی فاشیستانەو دژی مرۆڤانەیە کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەت
ی
قەدەغەی کردوە. لە وڵاتانی ئەوروپی وغەربدا ئەم ڕەفتارە نەماوە، ئ
ەمەش بەخەباتی چینی کرێکارو کۆمۆنیست وسیکۆلارەکان بەدەست
هاتووە، بەڵام دەسەڵاتی کوردایەتی هێشتا ئەم ڕەفتارە بەشێوە زۆر
خراپەکەشی بەکاردێنێ وەك سەردەمی رژێمی بەعسی ساڵەکانی ڕ
ێش
نەودەکان، چونکە ئەو ڕژێمە دەستی هەڵگرتبوو لە هەندێ لەو ئەش
کەنجانەی پێشتر بەکاری دەهێنان و ئێستا دەسەڵاتی کوردایەتی بەک
اریدەهێنێ.

دوا قسەی من ئەوەیە ئەتوانم بڵێم ئەوەی خەڵك بۆی ڕاپەڕی بەدی ن
ەهات! واتە ڕاپەرینەکە شکسی پێهێنرا لە لایەن حیزبەکانی کوردایەتی
یەوە، کە ئەتوانم ناویان بنێم بە دژە شۆڕش یا دژە ڕاپەڕین، چونکە ئا
مانجەکانی ڕاپەرینیان بە گۆڕ سپاردو چینیکی تازەی سەرمایەداریان
دروستکرد وخەڵکیان هەژاروبرسی کرد. ئازادییان خنکاند و خەڵکیان
لەسەر بیروڕای جیاواز زیندانی کردو وتیرۆریان کردن، ئەمەش
درێژکراوەی کارەکانی بەعسە. ئەتوانم
بڵێم پایەکانی ئەم دەسەڵاتە لەسەر دزی وچەتەگەری و کوشتن وزین
دانیکردنی ئازادیخوازان وەستاوە، بۆیە
ناتوانن لەم بارە چاکسازی بکەن. تەنها نەمانی ئەمانە لەدەسەڵاتدا چ
ارەسەرە و خەڵك خۆی لەڕێگای شوراکانەوە حوکمی خۆیان بکەن و
ژیانی خۆیان بەڕێوە بەرن، ئەم ڕێگایەش لە لای کۆمۆنیزمی کرێکاری
ی و حیزبەکەی و بەشێکی بەرچاوی کۆمۆنیست وچەپەکانە. بۆیەگرن
گە هەموو کەسێکی کە باوەری بەوە هەیە کە مانەوەی دەسەڵاتی پا
رتی ویەکێتی چارەسەر نییە، بەڵکو گرفتە لە بەردەم خەڵکی کوردس
تاندا، و
دەبێ لەهەوڵی بەهێزکردنی ئەلتەرناریڤی شوراییدا بن ئەوە چارەسە
رە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبڕاوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# ناتالی لومێل، کەسایەتییەکی دیاری کۆمۆنەی پاریس

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: توانا حمەنوری

ناتالی لومێل، خانمێکی گەورەیە، مێژووی کۆمۆنەی پاریسی نەنووسیوە، بەڵکو دروستی کردووە. بیرەوەرییەکانی نەنووسیوە، نە نامەیەکی بەجێهێشتووە، هیچ. تەنیا واژۆی ئەو، وەک ئەوانی دیکە، لە بنی ئاگادارییەکانی دیواری کۆمۆنەکەدا دەبینرێت کە دروشمی وەک: "ئێمە کار و قازانجمان بۆ خۆمان دەوێت، نە ئیستغلالکارمان دەوێت و نە ئاغاکان". ئەم کەسایەتییە گەورەیە هەموو ژیانی بە بەرگریکردن لە جیهانی کار بەسەر برد.

ناتالی لومێل هاورێی یوجین ڤارلین و لویس میشێل بوو، یەکێک بوو لە چالاکوانە دیارەکانی ئەو سەردەمەی فەرەنسا. ئەو لەگەڵ ڤارلین ماندوو نەناسانە کاری دەکرد، کۆمەڵگەی بەرخۆدانی کرێکاران و مانگرتن و هاوبەشی کرێکارانی ڕێکخستووە، وەک لا مارمیت، چێشتخانەیەک بۆ کرێکاران و هەژاران. لە سەردەمی کۆمۆنەی پاریسدا ڕۆڵێکی چالاکانەی بینی، لە کۆمەڵەی ژنان بۆ بەرگریکردن لە پاریس و یارمەتیدانی بریندارەکان کاریدەکرد و یارمەتی نووسینی مانیفێستەکانی داوە، ئەمەش ڕەنگێکی ئەنارکیستی بە مادەکانی گروپەکە بەخشی. لێرەدا وەرگێڕانی شۆن ویلبێر بۆ بابەتێکی ساڵی ١٩٢١ کە لەلایەن لوسیەن دیسکاڤس (١٨٦١-١٩٤٩) ڕۆماننووسێکی فەرەنسییەوە نووسراوە، هەر زوو دوای مردنی لومێل، کە هەندێک وردەکاری ژیاننامەیی سەبارەت بە ژیانی شۆڕشگێڕانەی ئەم ژنە نائاساییە دەخاتە ڕوو. ڕۆڵی لومێل لە سەرەتای بزووتنەوەی ئەنارکیستی فەرەنسیدا لە کتێبی 'ئێمە لە ئانارشی ناترسین – بانگەوازی دەکەین' – یەکەمین نێودەوڵەتی و سەرچاوەکانی بزووتنەوەی ئەنارکیزم باس دەکرێ.

ناتالی لە ساڵی ١٨٢٦ لە شاری "برێست" لەدایک بووە و دایک و باوکی ئەوپەڕی قوربانیدانیان داوە بۆ ئەوەی منداڵەکەیان ئاستێکی باشی خوێندنی هەبێت. لە ساڵی ١٨٤٥ هاوسەرگیری کردووە و سێ منداڵی بووە. پاشان ناتالی و هاوسەرەکەی وەک کتێبفرۆش لە شاری کەمپەر کاریان دەکرد. دە ساڵ پێش ڕووداوی کۆمۆن، بەرەو پاریس بەڕێکەوت و ناتالی لە دوکانێکی کتێببەستن لە گەڕەکی برۆتۆن لە نزیک وێستگەی شەمەندەفەری مۆن پارناس کاری دەکرد. بەپێی ڕاپۆرتێکی پۆلیس، ناتالی بەهۆی: "گرنگیدان بە سیاسەت، خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی 'زاڵی' بە دەنگی بەرز و بەردەوام هاتن و چوون بۆ یانەکان، سەرنجی هەمووانی ڕاکێشاوە".

ناتالی لومێل ئەندامی یەکێتی نێودەوڵەتی کرێکاران بوو، (یەکەم نێودەوڵەتی). لە ساڵی ١٨٦٥دا سەندیکای کرێکارانی ڕۆژنامەنووسان کە لەلایەن یوجین ڤارلاین(١) و ناتالی لومێلەوە دامەزرا، داوای مووچەی یەکسانی ژن و پیاوی کرد و بەدەستیهێنا.

یوجین ڤارلین پێشنیاری دامەزراندنی چێشتخانەیەکی گشتی کرد بە ناوی لامارمایت (٢) و ناتالی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی. ئەم بیرۆکەیە سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ناتالی لومێل، لە سەردەمی کۆمۆنەی پاریسدا، خۆی بۆ ڕێکخستنی ژنان تەرخان کردووە. لە ١١ی نیسانی ١٨٧١ لەگەڵ "ئەلیزابێس دی میتریڤ" (٣)، "یەکێتی ژنان بۆ بەرگریکردن لە پاریس و پەرستاری بریندارا"یان دامەزراند. بەرنامەی یەکێتی ژنان چەند داواکارییەکی دیکەی لەخۆگرتبوو، لەوانە: مووچەی یەکسان لە نێوان ژن و پیاو، مافی کارکردن (ڕێکخستنی و ۆرکشۆپی زەوتکراو)، دانـنان بە هاوسەرگیری خۆبەخشانە، مافی جیابوونەوە و هتد.

لە کاتی "هەفتەی خوێناوی"(٤)دا، ناتالی لۆمێل بە یارمەتی ژنانی دیکە لە بەربەستەکانی گۆڕەپانی بلانچ بەردەوام بوو لە بەرخۆدان. لە ٢١ی حوزەیرانی ١٨٧١ دەستبەسەر و لە یەکێک لە قەڵا سەربازییەکان سزای دەربەدەری بەسەردا سەپێندرا. لە کۆتاییدا ناتالی لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٨٧٩ (دوای هەشت ساڵ) لە دەربەدەری گەڕایەوە. لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٨٧٩ ئەرکی ڕێکخستنی ئاهەنگی ئاوەدانکردنەوەی ژووری سەندیکای کرێکارانی سەحاف کار پێ سپێردرا و لە ژێر ئیدارەی هێنری ڕۆشفۆرتدا کار لەسەر تاودانی ڕۆژنامەکە دەکات.

کاتێک بەهۆی "ماندووبوونی ژیانێکی خەبات"ەوە ناچار بوو کارەکەی بەجێبهێڵێت، هێنری ڕۆشفۆرت(٥) برگەیەک پارەی کەمی بۆ دانا. بەڵام لەو ڕۆژانەدا، لەبەرئەوەی هێنری ڕۆشفۆرت پەیوەندی بە "بۆلانجیزم"ەوە کردبوو(٦)، لە ئەنجامدا ناتالی لومێل یارمەتی داراییەکەی وەرنەگرت و بەم شێوەیە کەوتە هەژارییەکی تەواوەوە. نابینا، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا، ناتالی لومێل گواسترایەوە بۆ ماڵی بەساڵاچووانی بیسێستەر. بەڵام دوای ٥ ساڵ بەسەربردن لەو ماڵە و لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا و لە ٨ ی ئایاری ١٩٢١ کۆچی دوایی کرد: ٥٠ ساڵ دوای کۆمۆنەی پاریس.

ژێرنووس:

١- یوجین ڤارلین، لەدایکبووی ساڵی ١٨٣٩، سۆشیالیست، شۆڕشگێڕی فەرەنسی و کرێکاری چاپەمەنی و سکرتێری لقی فەرەنسی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی کرێکاران (یەکەمین ئینتەرناشناڵ). ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانی نیشتمانی کۆمۆنەی پاریس و ئەندامی کۆمیسیۆنی دارایی کۆمۆنەی پاریس بووە. وە لە ٢٨ی ئایاری ١٨٧١دا بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن سوپای ڤێرسایەوە کوژرا.

٢- چێشتخانەیەکی گشتی بۆ هاوکاریکردنی کرێکاران و هەژاران بوو بە نرخێکی هەرزان و هەروەها دەرفەتێکی بۆ کۆبونەوەی سیاسی لەم شوێنەدا ڕەخساند.

٣- ئەلیزابێس دی میتریڤ"، لە ساڵی ١٨٥١ لە شاری "ڤۆلۆک" لە ڕووسیا لەدایک بووە، فێمینیستێکی ڕووسی بووە و ئەندامی یەکەمین ئینتەرناشناڵ بووە، کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا لەلایەن مارکسەوە ڕەوانەی پاریس کراوە بۆ بەشداریکردن لە کۆمۆنەی پاریس. دوای هەفتە خوێناوییەکە، هەڵات بۆ ڕووسیا.

٤- پاریس لە ١٨ی ئازاری ساڵی ١٨٧١ لەلایەن کۆمۆناردەکانەوە گیرا و یەکەم حکومەتی کرێکارانی جیهان کە بە کۆمۆنەی پاریس ناسراوە لەوێ دامەزرا. ئەم حکومەتە بە گشتی لە ٧٢ ڕۆژ زیاتر نەخایاند و لە ماوەی هەفتە خوێناوییەکەی ٢١ تا ٢٨ی ئایاردا "ئەدۆڵف تیێر" سەرۆکی حکومەتی ڤێرسای و سوپاکەی لەناوچوو. لە ماوەی ئەو هەفتە خوێناویەدا بیست و پێنج تا سێ هەزار کەس لە کۆمۆنارەکان و خەڵکی پاریس لە شەقامدا کۆمەڵکوژ کران و چل و پێنج هەزار کەس دەستگیر کران و بەشێکی زۆریان دەربەدەر یان لە سێدارە دران.

٥- هێنری ڕۆشفۆرت، (٣٠ی ژانویەی ١٨٣١ - ٣٠ی حوزەیرانی ١٩١٣) نووسەر و سیاسەتمەدارێکی فەرەنسی بوو. لە پاریس لەدایک بووە.

٦- تیوری بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ڕاستڕەوی توندڕەو بۆ ژەنەڕاڵ "جۆرج بۆلانگەر"، وەزیری جەنگی کۆماری سێهەمی فەڕەنسا دەگەڕێنرێتەوە.

# جۆن ماکدۆنێڵ: داواکاریەکانمان داخستنی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئیرانە لە لەندەن

قسەکانی جۆن ماکدۆنێل، ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا لە پارتی کرێکارانی بەریتانیا و سەرۆکی "کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری ئێران" لە ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان، لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژێمی ئێران لە لەندەن.




هەرچەندە کەش و هەوای ئەمڕۆ سارد و باراناوییە، بەڵام ئەمە دووهەمین پیکێتی نارەزایەتی کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێرانە. چەند مانگێک دوای پێکهێنانی ئەم کۆمیتە، چەند سەندیکایەکی کرێکاری و ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی پارتی کرێکاران پشتیوانیمان دەکەن. هۆکاری پێکهێنانی ئەم کومیتەیە بۆ ئەوە بوو کە ڕژێمی ئێران بزانێت کە هاودەنگییەکی جەماوەری لەگەڵ ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی خەڵکی ئێران هەیە.

ئێمە ڕایدەگەیەنین کە زیندانیکردن، ئەشکەنجەدان، کوشتن و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ئێران قبوڵکراو نییە. ئێمە لەبیرمان نەچووە و لەبیرمان ناچێت ئەم (دەسەڵاتە) چ جۆرە ڕەفتارێکی بەسەر کەسانی لە جۆری ئێمەدا سەپاندووە و چ جۆرە ئازار و مەینەتییەکی بەسەردا سەپاندوون. چارەسەری (ئەم دۆخە) لە دەستی خەڵکی ئێراندایە. ڕاپەڕینی خەڵک لە شەقامەکان بەردەوامە و فراوانتر بووە. ژنان و کرێکاران پێکەوە خەبات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی.

ئەمڕۆ ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانە. ئێمە وڵاتێکی نوێمان لە (ئێران) دەوێت کە دان بە یەکسانی نیوەکەی تری خۆیدا بنێت. پەیامی ئێمە سادەیە کە سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی ئێستای ئێران لە جیهاندا بەرەوڕووی هاوپشتی نێودەوڵەتییە. ئێمە دڵنیای دەکەینەوە کە هەر پشتیوانی و هاودەنگییەک کە لە تواناماندا بێت پێشکەشی دەکەین.

یەکێک لە داواکارییەکانمان داخستنی باڵوێزخانەی ڕژێمە لە لەندەن. ڕژێمی ئێران مافی ئەوەی نییە لێرە بێت. مافی ئەوەی نییە لەم وڵاتە دیموکراتیکەدا بێت. باڵوێزخانەی ڕژێم یارمەتی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتەکەمان نادات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەمانەوێت دابخرێت. هەروەها جەخت لەوە دەکەینەوە کە وردبینی لە سەرجەم سەرانی ڕژێم و لایەنگرانی دەکەین. بەبێ لێپرسینەوە ناتوانن درێژە بە کارەکانیان بدەن. ئێمە یەک بە یەک سزایان دەدەین. ئێمە دڵنیای دەکەینەوە کە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەین لەسەر ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی ئازار و ناخۆشی بۆ خەڵک لە ئێران. پەیامی من هاودەنگییە لە ڕۆژی جیهانی ژنان لەگەڵ ژنانی ئێرانی کە بناغەکانی شۆڕشیان داناوە.

# ئایا تەنیا هەشتی مارس رۆژی ئافرەتە؟

نوسینی / فاتمە قاسم

وەک دەزانین هەشتی مارس لە رۆژ ژمێری نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆربەی وڵاتاندا بۆ رۆژی ئافرەت دەستنیشان کراوە. رۆژی جیهانیی ئافرەتان بۆنەیەکی جیهانییە، کە لە هەشتی مارسی هەموو ساڵێک دووبارە دەبێتەوە و هەر وڵاتێک بە شێوازی تایبەت بەخۆی ئاهەنگەکە بەڕێوە دەبەن، کە ئەو رۆژە لە زۆربەی وڵاتاندا پشووە و تیایدا چەندین چالاکیی جۆراوجۆر، وەکوو وەفا و رێزگرتن و تیشک خستنەسەر توانا و کۆشش و ماندووبوون و بەرهەمەکانی ئافرەت لە هەموو ڕوویێکەوە ئەنجام دەدرێن، لەپاڵیدا گرنگی بە یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەز دەدرێت و گفتوگۆ لەسەر ئەو توندوتیژییانە دەکرێت کە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێن، کە هەر لایە و بە شێوازێک دەری دەخات.

لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەشدا بە هەمان شێوە، چەند رۆژێک پێش هاتنی هەشتی مارس ئامادەکاریی بۆ ئەو رۆژە دەکریؒ، لەو رۆژەدا ئاهەنگ ساز دەکرێن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لێوان لێو دەبن لە پۆستی هەشتی مارس و رۆژی خانمان پیرۆز دەکرێت، لە ئاهەنگەکاندا رێز لە توانای خانمان دەگیرێت و ماندووبوونیان بەرز دەنرخێنرێت و خەڵاتیان بەسەردا دابەش دەکرێت.

بەشێک لە پیاوانیش بە چەپکەگوڵ، یان هەر دیارییەکی دیکە ئەم رۆژە لە دایک و ژن و خوشک و کچی خۆیان پیرۆز دەکەن، لە لایەکی دیکەوە، لە کۆڕ و سمینارەکان تیشک دەخرێتە سەر رەوشی مافەکانی ئافرەت لە ڕێگەی نمایشکردنی کورتە فیلم و خوێندنەوەی وتار و گفتوگۆکردن لەسەر رۆڵی ئافرەت لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و سازکردنی چەندین پێشەنگای هونەری و فۆتۆگرافی دەکرێنەوە، کە تیایدا رۆڵی ئافرەت لە ماندووبوون تا گەیشتن بە لوتکە و لە پێکەنین تاکوو گریان بە دەستی توندوتیژی دەخرێتە بەر باس و دیدەی بینەران و شاعیران شیعریان بۆ دەنووسن، شێوەکاران وێنەیان بۆ دەکێشن و نووسەران چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆریان لەسەر دەنووسن، تا ئەم چەند رۆژە تەواو دەبن.

پرسیار لێرەدایە، ئێمە لە ساڵێکدا، 12 مانگ، یان 48 هەفتە، یاخود 365 رۆژمان هەیە، بۆ تەنیا دەبێت لە ساڵێکدا چەند رۆژێک لە رێکەوتێکی دیاریکراو گرنگی بە رۆڵی ئافرەت و نەهامەتییەکانی بدرێت؟ ئایا تەنیا هەشتی مارس رۆژی ئافرەتە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، کە هەموو رۆژەکان بەبێ جیاوازی رۆژی ئافرەتن، چونکە ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیە و قوتابخانەیەکە کە لە ڕێگەیدا نەوەکانی داهاتوو پۆل پۆل رادەستی کۆمەڵگە دەکرێن و دەبنە کەسی بەسوود، بەڵام بەداخەوە لە هەندێ خێزان و گرووپدا دوای ئەم رێکەوتە، ئافرەت لەجیاتی ئەوەی چەپکەگوڵی سوور و دیاریی جۆراوجۆر ببینێت، دەبێ چاوەڕوانی مشتەکۆڵە و تێهەڵدان بێت، کە لەلایەن باوک و برا و مێردەوە ڕووبەڕووی دەکرێتەوە، دیسان سەرلەنوێ توندوتیژی و رێگری و بێ رێزی بەرامبەر بە ئافرەت دەست پێ دەکاتەوە.

بەداخەوە رۆژانە دەبینە بیسەر و بینەری هەواڵی ئەو خێزانانەی کە رێگری لە کچەکانیان دەکەن بخوێنن و زانست و زانیاری بەدەست بێنن و و ببن بە کەسێکی بەسوود، کە خزمەت بە وڵات و کۆمەڵگەکەی و خۆی بکات، یان رێگریکردن لە بەدیهێنانی خەونەکانی، یان هەڵبژاردنی کەسێکی گونجاو بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و دەیان بابەتی دیکە، کە لەژێر مۆری عەیبەدا شوێنی دەبێتەوە، یان ناچارکردنیان بە هاوسەرگیریی پێشوەختە.

هەر بۆیە کچ و ئافرەتەکانمان یان دەبێ ئەم دۆخە قبووڵ بکەن کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیاندایە، یان لە کاتی داواکردنی مافەکانی وەک (خوێندن، مافی هەڵبژاردن و بڕیاردان لە چارەنووسیان) لەلایەن خێزانەکانیان تووشی هەڕەشە دەبن و رێگری و هەڕەشەکانیش کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونییاندا دادەنێ و بەداخەوە هەندێکیان پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن، یان لەلایەن خێزانەکانیانەوە لەژێر مۆری شەرەف لەناو دەبرێن، چونکە چ باوک و برا یان مێرد، پێیان وایە کە تەنیا خۆیان خاوەن بڕیارن و دەبێ تەنیا قسە قسەی خۆیان بێت، ئەمەش دەبێتە پیاوسالاری و پێیان وایە، کە خۆیان هەموو شتێکیان بۆ ئافرەت ڕەخساندووە و لەمە زیاتر پێویستیان بە هیچ شتێکی دیکە نییە.

بە شێوەیەکی گشتی ئافرەت پێویستی بە پارە و ماڵ و ئۆتۆمبێل و چەپکەگوڵ و دیاریی جۆراوجۆر لەنێو زیندانێکی ئاڵتوونیدا نییە و هیچ لەمانە ناتوانن قەرەبووی هەستی بریندار و دڵی شکاویان بکاتەوە. ئەمانە لە لایکەوە گرنگن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە هەموو گرنگتر ئافرەت پێویستی بە رێزگرتن و شکۆمەندییە، پێویستی بە لێتێگەیشتن و سۆز و خۆشەویستی و گرنگی پێدانە، پێویستی بە گەیشتن بە سەرەتاییترین مافەکانیەتی، پێویستی بە پاڵپشتی و رێگری لێنەکردنە، چونکە ئێستا سەردەمەکە زۆر گۆڕاوە و ئێمە لە سەردەمی گەشەکردنی بەپەلەی تەکنۆلۆجیا داین و هەر مێشکی مرۆڤ دروستکەری ئەم تەکنۆلۆجیایە بووە.

بۆیە ئەگەر هەموو پیاوێک بتوانێت دیدی خۆی لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ نوێ بکاتەوە، ئەوکات لەجیاتی هەشتی مارس، هەموو رۆژێک دەبێتە ئەو رۆژە و پیاو چ باوک، یان برا، یان مێرد، خۆی بە هاوڕێی نزیکی خوشک و ژن و کچەی دەزانێت و رێز لە بەرامبەرەکەی دەگرێت و لەجیاتی چەپکەگوڵ، چەپکێ خۆشەویستی و پاڵپشتی و هاندان و ماف و سۆز و رێز و چاوێکی یەکسانیی پێشکەش دەکات، دەرەنجام هەموو رۆژەکانمان وەک رۆژانی جەژنی هەشتی مارس جوان و درەوشاوە دەبن و رێژەی خۆکوژی و کوشتن و توندوتیژی و نەخوێندەواری کەم دەبێت، دەنگ و رەنگ و بەرهەم و تێکوشانی ئافرەتەکانمان نەک تەنیا لە ناوخۆ، بەڵکوو دەگاتە هەموو جیهان و کۆمەڵگاکەمان دەبێتە بەهەشتی خەونەکان.

## پرسی ژن ؟




بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

## مەنسور حیکمەت دەربارەی تاکتیکی دەستبەسەراگرتنی نەوتی کەرکوك لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە...



لە گۆشەیەکی دیکەی باسەکانیدا سەبارەت بە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی کوردستانی عێراق، مەنسوری حیکمەت لە وەڵامی عبدللەی موهتەدی دا سەبارەت بە بایەخی دەستبەسەراگرتنی کەرکوک و ناوچە نەوتیەکانی کەرکوک لەلایەن پێشمەرگەوە، کە عبدللەی موهتەدی وەکو رەمزی پێشڕەوی "بزوتنەوەی کوردستان" و ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراق نەک هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکانەوە ناوی دەبات، بەمجۆرە قسە دەکات؛ و دەڵێت:

مەنسور حیکمەت دەڵێ: ئەوەی کە گرنگیەکی جدی بەم پێشڕەویە چەکدارانەیە دەدات، دەستبەسەراگرتنی" ناوچە گرنگەکان و بەشێک لە ناوچە نەوتیەکان"ە. ئەوەی کە نەوتی کەرکوک جێگایەکی گرنگ پەیدادەکات لە ستراتیژی کوردستانی سەربەخۆ و یەکگرتودا، قابیلی تێگەیشتنە. لەم تێگەیشتنەدا نەوتی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق وەکو پاڵپشت و بنەمایەکی ئابوری بۆ دروستبوونی وڵاتێک بەناوی کوردستانەوە گرنگی پەیدا دەکات. بەڵام لەم رێگایەوە نەوتی کەرکوک دەبێتە پەرستراوێک لە لێکدانەوەی ناسیۆنالیستیدا، کە تەنانەت ئەوکاتەش کە ستراتیژی سەربەخۆیی و یەکگرتنی کوردستان بەهۆکاری سیاسی و کۆنکریت دەخرێتەلاوە، دیسانەوە نەوتی کەرکوک وەکو خەونێکی وەدینەهاتوو وسروشتکرد لە بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستەکاندا رەنگ دەداتەوە.

لەڕووی عەمەلی، ئابوری و سەربازیەوە دەستبەسەراگرتنی چەکدارانەی ناوچە نەوتیەکان لە کوردستانی عێراق لەلایەن هێزە کوردیەکانەوە، لەنەبوونی خواستی سەربەخۆییدا، هیچ ماناو بەهایەکی نییە. دەستگرتن بەسەر نەوتی کەرکوک و فرۆشتنی، بە داگیرکردنی ئەو ناوچانەی بیرە نەوتیەکانی تێدایە مسۆگەر نابێت، چونکە بەپێچەوانەی گەنجینەکانی کاڵا، کێڵگەکان و یاخود رەنگە کارخانەکانەوە (لە هەلومەرجێکی تایبەتدا)، دەستبەسەراگرتنی سەرچاوە نەوتیەکان مانای ئابوری دەستبەجێی نییە و گرێیەک لەکاری ئەو هێزە سەربازیەی دەستی بەسەرداگرتوە، ناکاتەوە. مەسەلەکە بەندە بە مافی دەسەڵاتدارێتی بەسەر ئەو ناوچەیەدا و بەپێویست خاوەنداریێتی یاسایی و بەدەستهێنانی مافی دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوتە، ئەویش دوای بەرێخستنی پیشەسازی نەوت و چارەسەرکردنی مەسەلەی گواستنەوەی و ئەنجامدانی گرێبەست. بەمجۆرە دەست بەسەراگرتنی سەرچاوە نەوتیەکان کاتێک دەتوانێ بەهایەکی ئابوری یان ستراتیژی هەبێت کە لەرێچکەی هەنگاونان بەرەو بەدەستهێنانی مافی دەسەڵاتداریێتی و سەربەخۆیدا جێگا بگرێت، ئەمەش بەوهۆکارەی کە ئەمریکاو تورکیا پێیان خۆش نییە، هەر لەسەرەتاوە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی کوردیەوە نەفیکراوەتەوە.

پرسی نەوت پرسێکی سیاسی نێونەتەوەیییەو سوپایەک کە ناوچە نەوتیەکانیشی دەستبەسەراگرتبێت، هێشتا بەو مانایە نییە کە هەنگاوێک لە سوودوەرگرتنی ئابوری و سەربازی لە نەوت، نزیک بووبێتەوە. سوپای عێراقیش هەموو نەوتی کوەیتی دەست بەسەراگرت، بەڵام بەبێ بەڕەسمی ناسینی مافی دەسەڵاتدارێتیی عێراق بەسەر کوەیتدا توانای فرۆشتنی یەک بەرمیل نەوتی نەبوو. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم لایەنە سیاسی و حقوقیەی مەسەلەکە، وتنی ئەوەی کە " تەنانەت بەشێکیان لە ناوچە نەوتیەکان دەست بەسەراگرتبوو" خۆی لەخۆیدا هیچ شتێک نییە بێجگە لە کڕنوشبردن بۆ پەرستراوی دێرینەی بزوتنەوەی میللی کوردستان. واقعیەت بەوجۆرەیە کە بۆ بەرەی کوردستانی، کە بەپێی مانشێتەکەی بۆش، لەماوەی روداوەکاندا تەنانەت باسی ئۆتۆنۆمیشیان نەکرد و لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق پێشبڕکێیان لەگەڵ رژێمی عێراقدا دەکرد، "دەست بەسەراگرتنی ناوچە نەوتیەکان" لەلایەن خەڵکەوە یان لەلایەن هێزەکانی بەرەوە زیانێکی گەورەی سەربازی هەبوو. ئەمە هانی رژێمی عێراقی دا کە شەڕی مردن و ژیانیان لەگەڵدا بکات، بەبێ ئەوەی لەڕووی سەربازی و ئابوریەوە سوود و بایەخێکی دەستبەجێی هەبێت بۆیان...

وەرگێرانی: محسین کەریم

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای ڕەسام، حەکیم میرزا

## چەند شیعریکی: خالید بایەزیدی (دلێر) مەهاباد



1

دایکانی سەرزەمینی من
لایە لایەی مەرگ ئەخوێنن
لەلانکە
تا گۆڕ
پاشان ژیان
لە چاڵ ئەنێن

-2

کێو
بوغزی کرد
کاتێ بینی تەختە بەردێك
پشتی چوڵ کرد
تا ببێت بە بە ردی سە ر گۆڕی
دیکتاتۆرێك

-3

کات کۆتایی گە یشتوە
لە پۆلدا وانە ی ژیان
هەڵەکانی ئیملا
خویان چاك ئەکەنەوە

-4

بەیەك گوللە
دوو کەسمان کوشت
بۆیە...
منالانی جە نگ دەڵێن:
1+1 =مساوی یە بە 2

-5

دڵم شکا
دکتۆرەکە!
ماچەکە ی تۆی بۆ نووسیم
وە تۆش
لێو لەسەر لێوی پە پوولە یەکیت و
منیش سەرخۆش بە ماچی
بێ وەختیت

-6

گوڵەکانی سەر پەنجەرەکە
کاڵ بوونەتەوە
وە پەپوولەکان هێشتا
بە دەوریدا دەسورێنەوە
کۆترەکان بێ پەڕ و باڵن
وە زوور حە ز بە فڕین دەکەن
هەر وەك پەپوولەی
خۆشەویستی بەرەو ئاسمانی

خەیاڵ
وە دڵی گە نجیم هێشتا
تینووی خۆشەویستییە
ئێمە لە گوڵدانی دڵدا تەنیاین
ئاگری خۆشەویستی دەسوتێت
قژم وردە وردە سپی دەبێت
وە قۆناغی سۆزداری
دەستی پێکردووە
با ئیعتراف بکەم
سبەی کە هاتی بۆ لام
جاریکی تر بەفرمێسکە
گەرمەکانت بمشۆ
بۆ ئەوەی وەك تۆ پاڵاوتە
بکرێت وەك خوشەویستی
بۆ ئەوەی بۆنت بکات
بێگومان شەوانە
لە گۆڕ هەڵدەستم
وە بە دەسماڵەکەت
کە بۆنی تۆی لێ دێت
فرمێسکەکانم دەسڕمەوە



هەڵەبجە:

چواردەی مانگ بوو
لەسەر گۆیژە
(با) قەڵەمەکی ڕفانم
وەختێ گرتمەوە و پێم نووسی
پۆل پۆل، فڕین وشەکانم

پانزەی مانگ بوو
(سیروان) قەڵەمەکەی بردم
وەختێ گرتمەوە و پێم نووسی
بوون بە ماسی، شیعرەکانم

شانزەی مانگ بوو
ئاخ شانزەی مانگ
کە شارەزوور قەڵەمەکەی لێوەرگرتم
وەختێ دایمەوە بنووسم
وەك (هەڵەبجە) وشك بووبوون
پەنجەکانم.

هۆنراوەی: شێرکۆ بێکەس



# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی سێزدەهەم

## ریفۆرم و شۆڕش

## یەکسانی و سڕینەوەی جیاکاری




### یەکسانی و سڕینەوەی جیاکاری

یەکسانی ئینسانەکان چەمکێکی سەرەکی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بنمایەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگای ئازادی سۆسیالیستیە، کۆمەڵگایەک کە دەبێ بە هەڵپێچانی نیزامی چینایەتی و چەوسێنەرانە و پرلە جیاکاریی سەرمایەداری دابمەزرێت. یەکسانیی کۆمۆنیستی چەمکێکی زۆر فراوانتر و گشتگیرترە لە یەکسانیی حقوقی و ڕووکەشیی تاکەکان و بەهرەمەند بوونیان بە شێوەی یەکسان لە یاسا و ڕێسا دەوڵەتیەکان. یەکسانی کۆمۆنیستی یەکسانیەکی واقعی و ماددی نێوان ئینسانەکانە لە مەیدانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا. یەکسانی نە تەنها لە مافە سیاسیەکاندا، بەڵکو لە بەهرەمەندبوون لە ئیمکانات و نیعمەتە ماددیەکان و بەرهەمی کۆششی هاوبەشی ئینسانەکان، یەکسانی تاکەکان لە جێوشوێنی کۆمەڵایەتیاندا و لەئاست پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندا، یەکسانی نە تەنها لەبەرامبەر یاسادا بەڵکو لەپەیوەندیە ماددیەکانی نێوان ئینسانەکان لەگەڵ یەکتریشدا. یەکسانیی کۆمۆنیستی، کە لەهەمان کاتدا مەرجی پێویستی هەڵدان و گەشەی توانا و بەهرە جیاجیا و جۆراوجۆرەکانی هەموو تاکەکان و بەختەوەریی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگایە، تەنها بە لەنێوچوونی دابەشبوونی ئینسانەکان بەسەر چینەکاندا مەیسەر دەبێت. کۆمەڵگای چینایەتی بەپێی پێناسەکەی ناتوانێ کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد بێت.

خەباتی ئێمە لەپێناو یەکسانی و سڕینەوەی جیاکاری لەنێو کۆمەڵگا سەرمایەداریەکانی ئێستادا بەشێکی جیانەکراوەی خەباتێکی بەرینتر و بنچینەیی ئێمەیە بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵگای یەکسان و ئازادی کۆمۆنیستی. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەڕیزی پێشەوەی هەر خەباتێکی کۆمەڵایەتی لە دژی جیاکاری و نایەکسانیەکانی جیهانی ئەمڕۆدایە و باوەڕی وایە کە یەکسانیی حقوقیی هەموان و باڵکێشانی یەکسانی یاساکان بەسەر هەمووانـدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ناسنامەی نەتەوەیی، دین، نەژاد، بیروباوەڕ، عەقیدە، کار و پیشە، پلەوپایە و ڕەگەزنامە و تاد، ئینسانەکان، دەبێ وەکو پرنسیپێکی لە شکان نەهاتوو و بنەڕەتی لە ڕیزی سەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگادا ڕابگەیەنرێت. هەموو ئەو یاساوڕێسایانەی کە لەگەڵ پرنسیپی یەکسانیی تەواوی مافە فەردی و مەدەنیەکانی تاکەکاندا ناتەبان دەبێ دەستبەجێ هەڵوەشێنەوە. هەر حاڵەتێک لە پراکتیزەکردنی جیاکاری، جا لەلایەن هەر کەس و دەزگا و کاربەدەست و دامەزراوێکەوە ئەنجام درابێت، دەوڵەتی بێت یان غەیرە دەوڵەتی، بە جدی پەیگیری بکرێت و ئەنجامدەرانی بەپێی یاسا دادگایی بکرێن.

### یەکسانی ژن و پیاو،

### قەدەغەکردنی جیاکاری لەسەر بناغەی ڕەگەزی

جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری ولاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادیە بەرتەسک و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لێی بەهرەمەندن. لەو ولاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگایانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگادا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە ولاتانی پێشکەوتووتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەرواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگا، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم.

خودی ستەمکێشی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشە پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. ڕەگ و ڕیشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمڕۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگا کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمڕۆ. ئەو نیزامەی کە وەکو فاکتەرێکی گرنگی ئابووری و سیاسی دەروانێتە دابەشبوونی ڕەگەزی ئینسانەکان لەمەیدانی بەرهەمهێناندا بۆ زامنکردنی قازانجی سەرمایە. مرونەت بەخشین بە هێزی کار لە کارپێکردن و دەرکردندا، پێکهێنانی دووبەرەکی و کێبەرکێ و کێشمەکێشی ناوخۆیی لەنێو بەرەی خەڵکی کرێکاردا، زامنکردنی بوونی بەشە بێبەشترەکان لەنێو خودی چینی کرێکاردا کە لەخوارەوە ڕاگرتنی ئاستی ژیانی هەموو ئەم چینە مەیسەر دەکات، و سەرەنجام لەکەدارکردنی هەستی ئینسانی و چینایەتی کۆمەڵانی کرێکار و زیندوو هێشتنەوەی بیروبۆچوون و ئەفکار و دەمارگیریە کۆن و سواو و ئیفلیجکەرەکان، ئەمانە خێروبەرەکەتەکانی ستەمکێشیی ژنانە بۆ سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆ و لەهەمان کاتدا بەشێکن لە کۆڵەکەکانی کەڵەکەی سەرمایە لە دنیای ئەمڕۆدا. بەدەرلەوەی کە سەرمایەداری لەزاتی خۆیدا و بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکسانی ژناندا دێتەوە یان نا، سەرمایەداری کۆتایی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی دیاریکراو خۆی لەسەر ئەم نایەکسانیە بیناکردووە و بە سووک و ئاسانی و بەبێ بەرەنگاری سەرسەختانە و زەبروزەنگاوی دەستبەرداری نابێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەپێناو یەکسانی تەواو و بێقەیدوشەرتی ژنان و پیاوان لە هەموو ڕوویەکەوە، خەبات دەکات. سەرەڕێی ئەو یاسا و هەنگاوانەی کە دەبێ هەرئێستا و دەستبەجێ بۆ دەستپێکردن بە لابردنی جیاکاری لەسەر ژنان پیادە بکرێن بریتین لەمانە:


ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێقەیدوشەرتی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردیەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم پرنسیپەدا ناکۆکن.

دابینکردنی دەستبەجێی یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لەئاستە جیاجیاکاندا. مافی بێقەیدوشەرتی ژنان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا و بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلەوپایەیەک، سیاسی بێت یان ئیداری یان دادوەری تاد. هەڵوەشاندنەوەی هەر یاسا و ڕێسایەک کە مافی ژنان لەبەشداریکردنی یەکسان لە ژیانی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگادا بەرتەسک دەکاتەوە.

یەکسانیی تەواوی مافەکان و جێوشوێنی یاسایی ژن و پیاو لەخێزاندا. هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو وەکو "سەرپەرشتیاری خێزان" و دانانی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەپەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی مناڵ، کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و مولک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، کاری ناوماڵ و پیشەیی، تەڵاق، سەرپەرشتیکردنی منداڵانی ساوا لەحاڵەتی جیابوونەوەدا و بەشکردن و خاوەندارێتیکردنی ماڵومڵکی خێزان. قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە شەرع و دابونەریتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوە و دەبنە مایەی بەخسیربوونی، قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ مەیلی ژن، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. لە حاڵەتی شکاتکردنی ژنەکەدا دەبێ ئەم کەیسانە وەکو دەستدرێژیی جنسیی لەلایەن مێردەکەیەوە پەیگیری بکرێ و دادگایی بکرێ. قەدەغەکردنی سەپاندنی کاری ناوماڵ یاخود ئەرکی تایبەتیی ماڵداریی بەسەر ژناندا لە خێزانـدا. دانانی سزای قورس بۆ هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەک لەدژی ژنان و کچان لە خێزاندا.

یەکسانیی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. باڵکێشانی یەکسانی یاساکانی کار و بیمە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر ژنان و پیاواندا، بەبێ هیچ جۆرە جیاکاریەک. کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبەرامبەر کاری هاوشێوەدا. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە تەنگەبەریەک بۆ چوونی ژنان بۆ سەر کار و پیشە جیاجیاکان. یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان لە هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە کرێ، بیمەکان، ئیجازەکان ، سەعات و شیفتی کار،

بۆ لاپەڕە 12



# 140 ساڵ دوای مەرگی، دنیا لەهەمووکات زیاتر پێویستی بەمارکسە!

عەبدوڵا مەحمود

14 ئەم مانگە 140 ساڵ بەسەر دوا چاولێکنانی مارکسی سیاسی و شۆڕشگێر، مارکسی رابەری نیونەتەوەیی چینی کرێکار و رێنوینیکەری شۆڕشی چینایەتی پرۆلیتاریا، فەیلەسوف و ئابوری ناسدا تێپەڕدەبێت. دوای 140 ساڵ بەسەر ماڵئاویی یەکجاری مارکسدا... ئەگەر دیدو روحی و مەعنەوی ئینسان بە فەرمی ناناسێت و ئینسان تەنها بەوێنەی بەردەی ژینگە تەماشا دەکات. وتیان باسی چینە کۆمەڵایەتیەکان لەم سەدەمەدا بەسەر چووە و هێنانەوە گۆری باسی خەباتی چینایەتی، وەهمە و کارایی خۆی بۆ ئەم سەردەمە لەدەستداوە. وتیان دیدی مارکس بۆ روانینەکانی مارکس، لە ژیانی سیاسی و لە بواری فەلسەفە و ئابوری و کۆمەڵناسی و پیشرەویەکانی ئینساندا، لە کۆمەڵگەدا بسڕینەوە. کۆمەڵگەو بوارەکانی سیاسەت، فەلسەفە، ئابوری، کۆمەڵناسی... لەپێ دەکەون. راستییە وەدیهاتوەکانی کە بەرهەمی تیکۆشان و هەوڵی مارکس و ئەنگلسی هاوڕیی بوو، تا بە ئێستا دەگات بنەمای سەرەکی گەورەترین ئاڵوگۆڕن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. شکستی بلۆکی شەرق و سۆشیالیزمە دەوڵەتییەکەی، بواری زۆری رەخساند، تا مارکس تێک بشکێنن، تیۆر و بۆچوونەکانی بە خەون و خەیاڵ بەیەک بگرن و ئەبەدی بوونی نیزامی سەرمایەداری بە کۆمەڵگەی بەشەری بقەبڵێنن. سەرمایەداری و رەوتە بۆرژوازییەکان زۆر کۆشان و هەوڵیاندا بۆچوونەکانی مارکس بەدرۆبخەنەوە... بەڵام بەکردەوە ناکام مانەوە.

**ئەمرۆ سەرمایەداری بە پێچەوانەی سەردەمی مارکسەوە، کە خەڵك بەهۆی نەبوونی قات و قڕی و نەخۆشیەوە گیانیان لەدەست دەدا، ئیستا لەحاڵیکدا سەروەت و سامان و توانای پزیشکی پێشکەوتنەکان لەهەموو بوارەکانی تری ژیاندا بەوپەڕێ خۆی گەیشتووە، کەچی بە ملیۆنان ئینسان دەبنە قوربانی برسێتی و نەبوونی و نەخۆشی زۆر سادەی وەکو ئەنفلۆنزاو کۆرۆنا و...**

بۆرژوازی و موفەکیرە دەم چەورکراوەکانیان، وتیان مارکسیزم کۆتایی پێهاتووە و ئایدیاکانی مارکس بۆ کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە دەست نادات و کۆمەڵگە بۆتە کۆمەڵگەی بێچین. وتیان مارکسیزم خەون و خەیاڵە، وتیان مارکسیزم لە رووی تیۆرییەوە جوان و دڵگیرە، بەڵام لە کردەوەدا دژی ئازادییە، و دەرئەنجانەکەی ترس و تۆقاندن و ستەمکاری و کوشتاری بەکۆمەڵە و نموونەکانی دەسەڵاتی چنگ بەخوێنەکانی سۆسیالیزمی بۆرژوازی و دەوڵەتیان کردە پاساوی بۆچوونەکانیان. وتیان بۆچوونەکانی مارکس نا کۆمەڵایەتی و ماتماتیکین مێژوو تیایدا میحوەرە و کۆمەڵگە تەنها وەکو بەرهەمی مێژووی خەباتی چینایەتی دەخاتە روو، و ئازادی و فەردیەتی ئینسان دەخاتە لاوە. وتیان مارکس و مارکسیزم هەموو شتیک لە ئابوریدا دەبینەوەو لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەم سەردەمە بێئاگا و نامۆن و رەهەندەکانی تری کۆمەڵگە بەهەند ناگرن. وتیان مارکسی ماتریالیست، بوونی کۆمەڵایەتی بە ئەسڵ و هوشیاری کۆمەڵایەتی بە رەنگدانەوەی بوونی کۆمەڵایەتی دەزانێت و جێگایەک بۆ لایەنە سیاسەت و شۆڕش لەسەر توندوتیژی بنیاتنراوە و خەباتی ئاشتیانەو ریفۆرمخوازی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بەشیوەی ئاشتیانەیان قبوڵ نییە، و لایەنگری لە توندوتیژی و بەدەستەوە گرتنی چەک دەکەن و بەو مانایەش ماکسیزم دژی دیموکراسییە، لە دنیا دیموکراسی ئێستادا. وتیان مارکس و مارکسیەکان باوەڕیان بە دەسەڵاتی رەهای دەوڵەتی و حزبی هەیە، دەیانەوێت خاوەنداریێتی تایبەتی هەڵبوەشێتەوە و رادەستی دەوڵەتیکی موتەڵەقی ناوەندی بکات، وەکو ئەوەی لە روسیا و وڵاتە سۆشیالیستەکاندا روویداوە. وتیان ماکسیزم بۆ ئەم سەردەمی پاش–پیشەسازی و پاش–چینایەتیدا، ناگونجێ و ناکۆکە لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو بزوتنەوەی بەرگری لە ژینگە، بزوتنەوەی فیمینستی و بەرگری لە هاورەگەزخوازەکان و بەرگری لە ئاژەڵ و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ئاشتیخوازەکان و....تاد وتیان مارکسیزم ئایدۆلۆژیاییە و بۆ نیشاندانی ئەوەش تۆرێک لە ئایدۆلۆژیایان بەدەستەوە گرت. لەولاتانی وەکو عیراق و کوردستاندا، نوخبەی سیاسی قەڵەم بەدەستی بۆژوازی بۆ دژایەتی مارکس و ماکسیزم بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا و تا ئیستاش کۆمۆنیزم و ئیسلام لەپاڵ یەکتریدا دادەنین، فاشیزم و مارکسیزم هاو کەناری یەکتری دەکەن، دیکتاتۆری کەمایەتیەکی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان دەخەنە پاڵ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریی زوربەوە... تائیستا ئەگەر رەخنەیەکی شەرمنۆکانە و سنوردار لە فاشیزم و ئیسلام و کۆنەپەستی و دیکتاتۆری و ستەمکارییەک بگرن، هوشیارانە جنێوێک و تۆمەتێکی پوچیش ئاراستەی مارکس و کۆمۆنیزم مارکسیزم دەکەن، تا وەفاداری خۆیان بە نیزام و دەسەڵاتی بۆرژوازی نیشان بدەن.

**لەعیراق و کوردستاندا، نوخبەی سیاسی قەڵەم بەدەستی بۆژوازی بۆ دژایەتی مارکس و ماکسیزم بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا و تا ئیستاش کۆمۆنیزم و ئیسلام لەپاڵ یەکتریدا دادەنین، فاشیزم و مارکسیزم هاو کەناری یەکتری دەکەن، دیکتاتۆری کەمایەتیەکی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان دەخەنە پاڵ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریی زوربەوە... تائیستا ئەگەر رەخنەیەکی شەرمنۆکانە و سنوردار لە فاشیزم و ئیسلام و کۆنەپەستی و دیکتاتۆری و ستەمکارییەك بگرن، هوشیارانە جنێوێك و تۆمەتێکی پوچیش ئاراستەی مارکس و کۆمۆنیزم مارکسیزم دەکەن، تا وەفاداری خۆیان بە نیزام و دەسەڵاتی بۆرژوازی نیشان بدەن...**

دنیای واقعی دوای ئەو هەموو هێرش و بوختان و بەلارێدابردنەی مارکس و مارکسیزم لەلایەن بۆرژوازی و نۆکەرەکانیان، دوای ئەو هێرشە سیستماتیکە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەی لەدژی مارکس و مارکسیزم و ئایدیاکانی وەرێیان خست، نەیان توانی مارکس و ئیدەکانی، تێک بشکێنن. گەورە بیریاریانی بۆرژوازی کە کۆتایی مێژوویان راگەیاند و ویستیان سیستەمی سەرمایەداری بۆ ئەبەد بە مرۆڤایەتی بقەبڵێنن، باجی گەمژەیی خۆیان لە دڵی دنیای واقعی و ململانێی چینایەتی و مێژووی ئەو ململانێیەدا دایەوە و دەڵێن سوشیالیزم رێگاچارەی سەرمایەدارییە.

بۆچوونەکانی مارکس دوای 140 ساڵ، زۆر زیاتر لە پێشوو حەقانیەتی خۆیان هیشتۆتەوە. ئەو دەربرینەی مارکس کەدەڵێت" مێژووی ئێستاو داهاتووی هەموو کۆمەڵگەکان، مێژووی خەباتی چینایەتییە" هێندە راستییەکی بەرجەستەیە، کە درۆی کۆتاییهاتنی چینەکان، و نەمانی خەباتی چینایەتی پوچەڵ دەکاتەوە... ئەمڕۆ پیگەو توانایی چینی کرێکار، هێزی چینی کرێکار لە ئابوریدا بەهیچ جۆریک قابیلی بەراوردکردن لەگەڵ سەردەمی مارکس و مانفیستی کۆمۆنیستدا نییە.

ئەمرۆ سەرمایەداری بە پێچەوانەی سەردەمی مارکسەوە، کە خەڵک بەهۆی نەبوونی قات و قڕی و نەخۆشیەوە گیانیان لەدەست دەدا، ئێستا لەحاڵێکدا سەرەوەت و سامان و توانای پزیشکی پێشکەوتنەکان لەهەموو بوارەکانی تری ژیاندا بەوپەڕێ خۆی گەیشتووە، کەچی بە ملیۆنانیان دەبنە قوربانی برسێتی و نەبوونی و نەخۆشی زۆر سادەی وەکو ئەنفلۆنزاو کۆرۆنا و. سەرمایەداری دنیای لەناو جەنگە زنجیرەییە وڵاتی و ناوچەیی و جیهانیەکاندا، نوقمی کوشتارو وێرانەیی کردووە، ژینگەی لەگەڵ گەورەترین مەترسی بۆسەر بەشەریەتی گۆی زەوی روبەرووکردۆتەوە. پوچترین بزوتنەوەی سیاسی و لەچەشنی راسیزم و ئیسلامی سیاسی، وەکو روبینای ئابوری و مۆدیلی نیو لیبرالیزم، کردۆتە مۆتەکەی سەر ژیانی چەندین ملیاد ئینسانی ئەم سەردەمە. قڵشتی چینایەتی بە ئەندازیەک لەنیوان چینی سەرمایەدار و چینی کریکاردا قوڵکردۆتەوە، کە بێ وێنەیە لە مێژووی تائیستای بەشەریدا و بەپێی خودی ئاماری دەزگاکانی بۆرژوازی سامانی چەند سەد ملیاردێرێک بەرابەرە بە داهاتی نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی. دیموکراسی کە بۆرژوازی جێگای شانازی هەمیشەیی بووە، لەرێگای جەنگ و دام و دەزگاکانی نۆکەری خۆی، پسولەی دەستێوردانی و ملهوری نواندنی بۆرژوایی لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا، فەرمی کردووە. داسەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی دیموکراسی بۆرژوازییە، کە هەژاران و نەدارانی وڵاتە ئابڵۆقەدراوەکان، دەکاتە قوربانی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی مانەوەی ئینسان. وە هەر لەرێگای دیموکراسیەوە، سەرکوتی ئازادی و ئازادییە سیاسییەکان، دنیای قانگ داوە. باسی دەستاودەستکردنی دەسەلاتی ئاشتیانە لەرێگای دیموکراسی بۆرژوازییەوە پایە سەرەکیەکەی لەسەر دەست نەبردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و پارێزگاری لەسەر خاوەنداریێتی تایبەتی دامەزراوە، کە ئەمە خۆی سەرچاوەی نابەرابەری ئابوری و چەوساندنەوەی چینایەتی و هەموو موسیبەت و کوێرەوەرییەکانی تری نیزامی سەرمایەداریە، و هاوکاتیش بناغەی ململانێی چینایەتیشە.

لە ئیستادا ئەو بۆچوونەی مارکس لەپەیوەند بەشۆڕشەوە لە هەموو کات دروستترە کە دەڵێت"چینی دەسەڵاتدار، بەزەبری هیز نەبێت، دەست لەسامان دەسەڵات بەرنادات و چینی کرێکاریش بەبێ شۆڕش. رزگاری نابێت"

بەکورتی و بەپوختی، دنیای ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پیویستی بە مارکس و تیئۆرییەکانیەتی، پیویستی بە حزبی کۆمۆنیستی مارکسی هەیە.

*****

# حەسەن مارف: حەسەن مارف: خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران هیچ هێماو نیشانەیەکی نەتەوەییان نەکردۆتە نیشانەی شۆڕشەکە، شۆڕشەکەیان کە بە (ژن، ژیان. ئازادی ) دەستی پێکردووە.



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ حەسەن مارف چالاکی سیاسی، سەبارەت بە هەستان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...

**بۆپێشەوە: با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین، ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات چییە؟ شۆڕشە، ڕاپەرینە، هەڵچوونە؟... تۆ چ ناوێک لەم بزوتنەوەیە دەنێیت کە چەند مانگە درێژەی هەیە؟**

**حەسەن مارف:** هەڵبەتە ئەوەی لەئێران ڕوو ئەدات و ئەتوانن بڵێم تا ئەم کاتەی قسەی تیادا ئەکەم درێژەی هەیە ئەوە شۆڕشێکی گشتگیری گەلانی ئێرانە، بزوتنەوەیەکی میللییە بەدەر لەهەر ئەجیندایەکی حیزبی.

**بۆپێشەوە: لەگەڵ ئەوەدا پایەی بنەرەتی خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئێران، چینایەتییە و بەڵام ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیزم وەکو پێویست نییە، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە و چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئێراندا و لەهەلومەرجی ئێستادا چ ئەرکێکی لەسەر شانە؟**

**حەسەن مارف:** ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی جەماوەری گشتییە، ڕاستە قورسای زۆری چەوسانەوەو بار گرانییەکانی لەسەر شانی چینی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێرانە، بەڵام ئامادە نەبوونی حیزب و ڕێکخراوە چەپی

**بۆپێشەوە: سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئێران، لەوانە ژنان، لاوان و خوێندکاران، کرێکاران... بەشدارن لەم خۆپیشاندان و بزوتنەوە جەماوەریەدا، بەڵام ڕۆڵی چینی کریکار و بەشدارییەکەی بەرجەستە نییە، هێشتا وەکو پیویست ئامادەیەکی نابینرێت، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**حەسەن مارف:** ئەمەیش هەر دەگێڕمەوە بۆ

یەکەم بەو بەڵگەیەی خەڵکی ئێران ئەزمونێکی ڕابردووی تاڵی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتانە هەیە لەشۆڕش بکشێنەوە پاشەکشە بکەن. دووهەم، ڕێگە خۆشکردن لە ئەگەری ڕووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران کە لەبەرژەوەندی ئەوان و لیبرالیزمی نوێدا نییە ئەم دەسەڵاتە لاببرێت، جێگرەوەی ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی پێشوتربێت کە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی ڕۆژئابوو، لەلایەکی کەیش ڕژێمی لەناوچوی بەعس چۆن بووە بیانو بۆ هاتنی سوپای داگیرکەری ئەمریکا، ڕژێمی ئێستای ئێرانیش بیانوە بۆمانەوەی سوپاکەی لەکەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوین.

**بۆپێشەوە: ئاییندەی ئەم بزوتنەوەیەی لە ئیراندا درێژەی هەیە، چۆن دەبینن، ئایا پاشەکشەی پێدەکریت، یان دەتوانێت دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئیران بروخێنێت؟**

**حەسەن مارف:** ئەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی گەلانی ئێران توانای خۆڕێکخستن و خۆسازدانیان تاچەندە؟ ئەمە بڕیاری درەنگ یان زووی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە ئەدات، بەبۆچونی من ئەم شۆڕشە ئەم ساڵ و ساڵی ڕابردوو لەئێران دەستی پێ نەکردوە، بەڵکو لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی خەڵک لەشۆرشدابوون، ناوە ناوە بەپێ دەرفەتەکان گونجاندنەکان ئەم شۆڕشە خۆی نمایش کردوە، بەڵام ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت ڕووبدات.

> ئەوەی ئەرکی چەپ و کۆمۆنیستەکانە دەبێت هێزی شۆڕشگێری ئێران ڕێکخەن وپێشڕەوایەتی ئەو شۆڕشە لەدەست بگرن. بەرنامەو ئەجندای ڕوونی ئێستا و داهاتوی شۆڕش بۆ خەڵکی ئێران بڵاوکەنەوە و ڕوون کەنەوە...

**بۆپێشەوە: کۆمەڵگەی ئیران کۆمەڵگەیەکی موزائیکییە، کێشەی نەتەوەیی واقعێەتیکی ناو ئەو کۆمەڵگەیەیە، پرسی نەتەوەیی چ جێگایەکی لە بزوتنەوەی شورشگێرانەی ئێستای ئیراندا هەیە...؟**

**حەسەن مارف:** کۆمەڵگەی ئێران کەڕاستر بڵێم کۆمەڵگەی گەلانی ئێران کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوەو فرە مەزهەبییە، ڕاستە چەوسانەوەی گەلانی ئێران، دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران ددان نانێت بەچەوسانەوەی گەلانی ئێران، ئەوان گەلانی ئێران بەگەلی ئێران ناودەبەن هەرچەندە نەتەوەی فارس بان دەستە لەئێران، نەتەوەکان کوردو بەلوچ و ئازەر و عەرب بن دەستن، ئەم بێ مافیەیش بە بەڕوونی دیارە، بەڵام دەسەڵاتی ئیسلامی دان بەم واقیعیەتە دانانێت، ئەوەندە دیارە خەڵکی شۆرشگێڕی ئێران هیچ هێماو نیشانەیەکی نەتەوەییان نەکردۆتە نیشانەی شۆرشەکە یان شۆڕشەکەیان کە بە (ژن ژیان ئازادی ) دەستی پێ کردو درێژەی هەیە لەزۆربەی نێوەندە نێو دەوڵەتیەکان و گەلانی جیهان پێناسەیەکی نوێ دایە شۆڕشی گەلانی ئێران...

ئەمە شۆرشێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوە ئەتوانم بڵێم نە داواکارییە شۆرشگێریەکان و نە هێماکانی کێشەی نەتەوەی لە پلەی یەکەمدا ڕیزبەند نەکردوە، من پێم وایە ڕیزبەندی دووهەمە.

کۆمۆنیستیەکانی دەگەڕێنمەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار:

١/ نەبونی ڕێکخراوێک یان پارتێکی ڕادیکاڵی چینایەتی، لەناو چینی کرێکارو زەحمەتکێشدا...٢/ کێشەو ململانی نێوان ڕێکخراوە چەپەکان بۆتە هۆکاری بێهێزکردن و بچوککردنەوەی ئەم ڕێکخراوانەو بێکاریگەری بوونی لەم شۆڕشەدا...٣/ ئەوەیشی هەیە لە نیوان دەستەیەکی دیاریکراوی ڕۆشنفکر وچەپدایە،

پەرتەوازەیی کرێکاران و نەبوونی ڕێکخراوێک یان سەندیکایەکی کرێکاری لەنێو کرێکاراندا. پەیوەندی کرێکاران لەنێوان خۆیاندا لەو ئاستەدا نییە بەرەو هێزیکی دەرکەوتوی یەکگرتویان بەرێت، نائامادەی حیزبە چەپەکان لەناوەوەی ئێراندا.

**بۆپێشەوە: لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشاندان و جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی ئێراندا، هەوڵەکانی بۆرژوازی لەوانە شاهەنشایی و سیلیبریتییەکان، دەستی پێکردووە، دیارە لە پشتیوانی ئەمریکاو غەربیش بەهرەمەندن،**

> بەبۆچونی من ئەم شۆرشە ئەم ساڵ و ساڵی ڕابردوو لەئێران دەستی پێ نەکردوە، بەڵکو لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی خەڵک لەشۆرشدابوون، ناوە ناوە بەپێ دەرفەتەکان گونجاندنەکان ئەم شۆڕشە خۆی نمایش کردوە، بەڵام ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت ڕووبدات...

نەک چینی کرێکار...٤/ دەرپەڕاندن و کەمکردنەوەی پەیوندی نێوان خەڵک و ڕێکخراوەکان، کەبەدرێژای چل ساڵی ڕابردووی ئێران هەوڵێکی زۆری بۆ ئەمەداوە...٥/ پەرتەوازەی سەندیکاو ڕێکخراوە کرێکاریەکانی ئێران لەناو ناوەندەکانی کاری کرێکاراندا.

ئەوەی ئەرکی چەپ و کۆمۆنیستەکانە دەبێت هێزی شۆڕشگێری ئێران ڕێکخەن وپێشڕەوایەتی ئەو شۆڕشە لەدەست بگرن. بەرنامەو ئەجندای ڕوونی ئێستا و داهاتوی

شۆڕش بۆ خەڵکی ئێران بڵاوکەنەوە و ڕوون کەنەوە.

**ڕۆڵی ئەوان چۆن دەبینن و چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەبێ لەبەرامبەر بەهەوڵ و نەخشەکانیان، چ هەنگاوێک بگرنە بەر؟**

**حەسەن مارف:** هەڵبەتە لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشای قاچدارەکان و پەهلەویەکان و ئاخوندەکان گەلانی ئێران و تایبەت کرێکاران زەحمەتکێشان ئەزموونێکی تاڵیان لەگەڵ یەک بەیەکی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێن و دیکتاتۆرانە هەیە، میدیای وڵاتانی ڕۆژئاوا بەدوو ئامانج ڕۆژەڤی ئەم باسە دەکەن:

**بۆپێشەوە: چۆن دروانیتە جارنامەی لانی کەمی داواکاریەکانی سەندیکا کرێکاریی و ڕێکخراوە مەدەنی و سەربەخۆکان بۆ شۆڕشی ئەمڕۆی ئێران؟**

**حەسەن مارف:** ئەگەر شۆڕش بگاتە ئامانجی خۆی و بەوماناو تێگەشتنە شۆڕش بێت، دەبێت تەواوی کۆمەڵانی گەلانی ئێران، هەموو مافە سیاسی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و نەتەوەییەکانیان پارێزراوبێت.

## درێژەی... بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

کاردابەشکردن و پۆلێنکردنی کارەکان، پلەبەرزبوونەوە لە کاردا، نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران لە ئاستە جیاجیاکاندا. پەسەندکردن و بەڕێوەبردنی یاساورێسا و ستانداردی تایبەتی لە دامەزراوەکاندا بۆ زامنکردنی بەردەوامبوونی ژنان لەسەر کارو پیشەکانیان، وەکو قەدەغەکردنی دەرکردنی ژنانی دووگیان، قەدەغەکردنی سپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان و دابینکردنی پێداویستیە تایبەتیەکانی ژنان لەشوێنی کاردا. ١٦ هەفتە مۆڵەت بۆ کاتی دووگیانی و منالبوون و یەک ساڵ مۆڵەت بۆ چاودێریکردنی کۆرپە، کە دەبێ بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا لەلایەن ژن و مێردەوە کەڵکی لێوەربگیرێ. پێکهێنانی هەیئەتەکانی لێپرسینەوە و کۆنترۆڵکردن کە ئەرکیان چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانەیە لەلایەن دامەزراوەکانەوە.

پێکهێنانی دامەزراوەی تایبەت بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی مافەکانی ژن و پیاو لە کارە پیشەییەکان و شوێنەکانی کاردا بەشێوەی یەکسان، چ دەوڵەتی بێت یان غەیرە دەوڵەتی، قازانج نەویست بێت یان قازانجهێنەر. لێپێچینەوەی یاسایی و سزادانی گەورەی ئەو دامەزراوە و بەڕێوەبەرانەی کە بنەمای یەکسانیی ڕەهای ژن و پیاو لە چالاکی پیشەییدا پێشێل دەکەن.

پێکهێنانی دامەزراوە و دامودەزگا و فەراهەمکردنی ئاسانکاریی خۆڕایی وەک دایەنگە و باخچەی ساوایان و مەڵبەندەکانی یاری و پەروەردەکردنی ساوایان لە گەڕەکەکاندا کە بە لەبەرچاوگرتنی گوشاری یەکلایەنەی کاری ناوماڵ و چاودێریکردنی منالان لەسەر ژنان لە هەلومەرجی ئێستادا، هەنگاونانی ژنان بۆناو چالاکی ئابووری و سیاسی و کەلتووری لە دەرەوەی خێزان ئاسان دەکەن.

هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساورێسا دەستوپێگیر و دواکەوتووە ئەخلاقی، کەلتووری و ناموسیانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسیەتی ئەوان وەکو هاوڵاتیەکی خاوەن مافی یەکسان لە کۆمەڵگادا نایەنەوە. هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە کۆسپ دانانێک لەڕێگای مافی سەفەرکردن و جێگۆڕکێی ژناندا، شووی کردبێ یان نەیکردبێ، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵات، بە حەز و ئارەزووی خۆی. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساورێسایانەی کە ئازادی ژنان لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشاکیاندا، هەڵبژاردنی کار و هاوەڵانیاندا، بەرتەسک دەکەنەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکردنەوەیەکی ژنان و پیاوان لە دامەزراوە و کۆڕ و کۆبوونەوە و گوزەر و هۆیەکانی گواستنەوەی گشتیدا. فێرکردن و بارهێنانی تێکەڵاو لە هەموو ئاستەکاندا. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەو نازناوانەی کە ژن بەپێی جێوشوێنی لەبەرانبەر پیاودا پێناسە دەکات، لە نامە و نووسراو و قسەوباسە ڕەسمیەکاندا لەلایەن کاربەدەستان و دامودەزگا و دامەزراوە دەوڵەتی و تایبەتیەکانەوە. قەدەغەکردنی هەرجۆرە خۆتێهەڵقورتاندنێک لەلایەن هەر ناوەندێکەوە بێت، چ کەسوکار بێت یان دامودەزگاو ناوەندە ڕەسمیەکان لە ژیانی تایبەتی و پەیوەندیە شەخسی و سۆزداری و جنسیەکانی ژناندا. قەدەغەکردنی هەرجۆرە مامەڵەیەکی سوکایەتی ئامێز، پیاوسالارانە، باوکسالارانە و نایەکسان لەگەڵ ژناندا لە دامودەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا. قەدەغەکردنی ئاماژە کردن بۆ ڕەگەزی ئینسانەکان لە ئاگاداریەکانی کاردا. لابردنی هەموو ئاماژە جیاکاری و سوکایەتی ئامێزەکان بەرامبەر بە ژنان لە کتێب و سەرچاوەکانی خوێندندا و لەبری ئەمە دانانی بابەتی خوێندنی پێویست بۆ نیشاندانی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕەخنەگرتن لە شێوە جیاجیاکانی ستەمکێشی ژن لە کۆمەڵگادا. پێکهێنانی دامودەزگای پشکنین و دیاریکردنی تاوان و یەکەکانی پۆلیسی تایبەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی ئازاردان و جیاکاری بەرامبەر بە ژنان.

هەوڵی چڕوپڕ و ڕاستەوخۆی دامودەزگا پەیوەندیدارە دەوڵەتیەکان بۆ خەبات لە دژی کەلتووری پیاوسالارانە و دژی ژن لە کۆمەڵگادا. هاندان و بەهێزکردنی ئەو دامودەزگا نا دەوڵەتیانەی کە بۆ بەدیهێنان و سەقامگیرکردنی یەکسانیی ژن و پیاو تێدەکۆشن.

یەکسانیی هەموو دانیشتووانی وڵات لە ڕووی یاساییەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان

یەکسانیی تەواو و بێقەیدوشەرتی هەموو دانیشتوانی کوردستان، سەربەخۆ لە ڕەگەزنامەیان، لە هەموو ماف و ئەرکە یاساییەکاندا، بە فەردی و مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و باشبژێویەکانەوە.

بەهرەمەندبوونی یەکسانی هەموو کرێکاران لە یاساکانی کارو باشبژێویی کۆمەڵایەتی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزنامەیان.

بەخشینی مۆڵەتنامەی هاتنەژوورەوە، مانەوە، کارکردن و کارتەکانی بیمە و...تاد بۆ هەموو ئەو کەسانەی خوازیاری مانەوەن لە کوردستاندا... **ماویەتی**

## درێژەی .... دوا وتە

کوردەوە، خەریکن ڕەوایەتی بەدەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی هیزە بۆرژوازییەکانی عیراق دەدەن، تا رادەی خواستی گەرانەوەی قەڵەمرەوی سیاسی کوردستان بە دەسەڵاتی بەغدا و ناوەندی، ئەوە لە کاتێکدایە چ تاڵانچیتی و مافیایی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا نادات و چ کارنامەی دەسەڵاتی سیاسی لەناوەند هیچ ڕەوایەتیەک بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد نادات.

ئەگەر دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد هۆکاری سەرەکی بێدەرەتانی هەمەلایەنەیە بۆ جەماوەری فراوانی خەڵک، و دەمێکە کەوتووەتە بەرامبەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوان و کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە بووەتە خواستێکی بەرینی جەماوەری، ئاواش دەسەڵاتی بۆژوازی عەرەب بە" سونی و شیعی، بە قەومی و ئیسلامی"یەکەیەوە... هۆکاری سەرەکی بێ دەرتانی و بێ بەشی چینی کرێکار و جەماوەری نەدارە و لە ناوەندیش دەمێکە کەوتۆتە بەردەم بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی فراوانی جەماوەریی و ملیۆنییەوە، خۆپیشاندانە ملیۆنیەکانی شوباتی ٢٠١٩ گۆشەیەک لە ڕاچەنینی جەماوەری بوو بەدژی دزی و تاڵانی و گەندەڵی و بێ مافی و سەرکوتی سیاسی و دەسەڵاتی میلیشیاکان و نۆکەر پیشەییان بۆ وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە...

دابین بوونی موچە و زامن بوونی لانی کەمی سوتەمەنی، لە ناو دەریای نەوت و سامانی بێ ئەوپەڕ و داهاتی فرۆشی نەوتی خەیاڵیدا... لە عێراقدا دەستکەوتێک نییە بۆ خەڵکی بێبەشی عێراق، تا خەڵکی کوردستان خۆزگەی پێ بخوازێت... ئەو دەسەڵاتەی لە بەغدا بۆتە ملۆزمی سەر ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و جەماوەری نەداری عێراق، وەکو دەسەڵاتی دزانی سەدە دەناسرێت... ئاماری دزی سەدان ملیار دۆلاری کە داهات و قوتی جەماوەری نەداری عێراقە، بۆتە ناسنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا... بەم جۆرە دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا، هاوشان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هیچ ڕەوایەتیەکیان نییە و هەردوو لایان سەراسەری عیراقیان کردۆتە مەیدانێک بۆ تاڵانی و دزی کەڵەکەی سەرمایەو نوێنەرایەتی چینی بۆرژوازی دەکەن و هیچ لایەکیان بایی سەرە دەرزیەک پیشکەوتنخواز نین و لە ئاست وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین خواستە زۆر زەوەندەکانی چینی کرێکار و جەماوەری نەدار نەک نین، بەڵکو لەسەر مژین و دزینی دەسترەنجی ماندوبوونی ئەوان و تاڵانی ئاشکراو سیستماتیکی داهاتی جەماوەری بیبەش، ژیانی شاهانەیان بۆ خۆیان و بۆرژازی لە عێراقدا فەراهەم کردووە و لەبەرامبەردا دۆزەخێکی ئاشکرایان بۆ چینی کریکار و جەماوەری بیبەش خولقاندووە. دزی و تاڵانی و نەبوونی و بیکاری و گرانی و نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان و نۆکەر پیشەیی ژێر پیخستنی ئیرادەی تاکەکان و کۆنەپەرستی...تاد بۆتە ناسنامەی ئاشکرای هەردوو دەسەڵات لە ناوەند و لە کوردستان. هەر ئەو دەسەڵاتەی لە ناوەند بەسەدان ئینسانی لە خۆپیشاندەران خەڵتانی خوین کرد کە داوای نان و ئازادی و شکۆ ئینسانیان دەکرد و بە هەزارانی بریندار دەستگیر و زیندانی کرد و بە گروپە میلیشیاکانیش دەیان رابەری بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و خۆپیشاندانەکان تیرۆر کرد، هاوشانی دەسەڵاتی بۆژوازی کوردە لە سەرکوتی نارازیان و خۆپیشاندەران و راوەدونان و کە نموونەکانی لە ١٧ شوبات و رۆژانی دواتردا، بۆنەتە ناسنامەی درندەیی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد لە بەرامبەر بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەیدا...

خواست و خۆزگە خواستن یان خۆشباوەری بەوەی دەسەڵاتی ناوەندی ببیتە جێگای ئومید بۆ باشتر بوونی ژیانێکی باشتر و دەستراگەیشتن بەبەشیک لە داواکارییەکان، نەک هەر وەهمە، بەڵکو لەوەش زیاتر دەرگا بەرووی خەباتی جەماوەی خەڵکی کوردستان بەڕووی هەر ئاڵوگۆڕ و باشبونێکی بەرچاو بە خەباتی خۆیان دادەخات و گورزی سەرەکی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستاندا دەسرەوێنێت. جیا لەوەش دەبێتە هۆی خۆشباوەری بەخشین بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی ڕەنگاو ڕەنگی بۆرژوازی عێراقدا.

ڕێگای زامن بوونی موچە لەکاتی خۆیدا و زیادکردنی، دەستراگەیشتن بە سوتەمەنی، فەراهەم بوونی خزمەتگوزارییەکان و فراوانکردنەوەی پەراویزەکانی ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان و...تاد. گەرانەوەو خۆزگەخواستن بە گەڕانەوەی قەڵەمرەوی سیاسی کوردستان بۆ ژیر دەسەڵاتی ناوەندی یان سیستەمی لامەرکەزی، نییە، بەڵکو لە هەنگاوی یەکەمدا بەندە بە بەرووبەرووبونەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و دریژەدانە بەخەباتی جەماوەری و ریکخرابوون تا رادەی دەرهێنانی ئەم کۆمەڵگەیە لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان. وە راکیشانی پشتیوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری عێراقە بۆ خواستەکانیان و لێک هەڵپێکانی خەباتیانە لەگەڵ یەکتری، و وەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوا -ناسیوناليستی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتداریتی شوراییە...

تەنانەت نابێ بیرمان بچیت کە فیدراڵیزمی قەومی کە ریکەوتنی سیاسی نێوان بۆرژوازی کورد و عەرەبە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات، هۆکاری ڕاستەوخۆی گرفتاربونی کوردستانە بەجۆرەها کێشە و گرفت... بۆیە بۆژوازی عیراقی نە هیچ نزیکایەتیەکی لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان لەهیچ ئاستیکیدا نییە، بەڵکو پشتیوان و دەست لەناو دەستی بۆرژازی کوردە بەدژی خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستان، بۆیە هەر چەشنە خۆشباوەرییەک بە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا، لەلایەکەوە ڕەوایەتیدانە بەدەسەڵاتی تا سەرمۆخ کۆنەپەست و دژە ئینسانی بۆرژوازی عیراقی و هاوکات گورزێکی گەورە لە هاوخەباتی نیوان خەڵکی بێبەشی عیراق و کوردستان دەدات و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریش لە کوردستاندا، زیانبار دەکات. بەهێزکردنی گیانی هاوخەباتی و هاوپشتی چینی کرێکاری کوردستان لەگەڵ چینی کرێکار لە عێراق و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئەو ڕیگا دروست وکارسازەیە کە دەتوانێت هەم داواو داخوازییە دەستبەجی و رۆژانەیەکانی دابسەپێنێت و هەم پرۆسەی راماڵینی دەسەڵاتی بۆژوازی کورد و هێز و دەسەڵات و هێزە قەومی و دینییەکان، لە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەدا بباتە پێشەوە.

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

فاتمە قاسم،مەلا ڕێباز، عەبدوڵا مەحمود، خالید بایەزیدی، حەکیم میرزا، وریای ڕەسام، کاوان قادر ، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئاراس ڕەشید، حەکیم میرزا، توانا حەمەنوری، سەردار عەبدوڵا حەمە، محسین کەریم...

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net


لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...

## دوا وتە

# وەهم بە بەغدا، بەزیانی بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی جەماوەری!!

لەگەڵ هەڵکشانی رۆژ بەرۆژی تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، خۆشباوەری بە بەغدا و پرسی گەرانەوە بۆ بەغدا، لە نێو بەشیک لە خەڵکی کوردستان و تەنانەت لەناو هەندێک هیزی سیاسشدا، دەبیستریێت.

هۆکاری سەرەکی ئەوەی بەشیک لە خەڵکی کوردستان خۆزگەی گەرانەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەند و داواکاری مامەڵەی بەغدا لەگەڵ هەریم بە وینەی پاریزگاکانی عیراق و تەنانەت هاتنە گۆرێ پرسی لامەرکەزی... بەدەستەوە دەگیریێت، لە بنەرەتەوە پەیوەندی بە کارنامەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە هەیە، کارنامەیەک لە لایەکەوە برسیێتی و هەژاری و دارمان ویران بوونی خزمەتگوزارییەکان و بەرینبوونەوەی بیکاری و



دواکەوتنی و موچە و برینی موچە و لەلایەکی تریشەوە هیرشی بەردەوامی دەسەڵاتە بۆسەر کەشی نیوە کراوەی کوردستان و پەراویزە زۆر لاوازەکانی ئازادی و ئازادییەکان و هیرشە بۆسەر مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان و لەوەش زیاتر دیار نەبوونی ئایندەی سیاسییە.

گومان لەوەدا نییە خەڵکی کریکار و نەداری کوردستان، مافی خۆیانە لە پێناو ژیان و گوزەرانی خۆیان و خانەوادەکانیان، بەدوای ژیانێکی باشترەو بن و بۆی تیبکۆشن. هۆکاری ئەوەی کە ژمارەیەک لە خەڵک کوردستان بەدوای گەرانەوە بۆ بەغدا یان چاوەروانی ئەوەن موچە و خزمەتگوازرییان زامن بیێت، ئەوە دەزانن کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، فەرمانبەران موچە لەکاتی خۆیدا و بێ لیبرین وەردەگرن، کیشەی نەوت و غاز وسوتەمەنی و هاتوچۆ و ئاو و کارەبایان کەمترە، کە ئەوەش قورسایەکی گەورەی خستۆتە سەر ژیان و گوزەرانی هاولاتیان.

ئەو خواستەی هاولاتیان بۆ ژیانێکی باشتر و تەنانەت پەرەسەندنی وەهمی خەڵکی کوردستان بەوەی لەژیر سایەی دەسەڵاتی ناوەندیدا ژیان و گوزەرانیان تا ڕادەیەک باشتر دەبیێت و کەمیک لە قورسایی سەر شانیان کەم دەبیێتەوە، بەر لەهەموو شتێک بەر لەوەی پەسەندی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا بیێت، رەتکردنەوەی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتییە، کە هیچ دەرەتانێکی بۆ ژیان و گوزەرانی چینی کریکارو نەداری کوردستان نەهیێشتۆتەوە.

بەلام کێشەی سەرەکی وەهم بەدەسەلاتی ناوەندی و بەغدا لەلایەن بەشێک لە خەڵکی کوردستانەوە، ئەوەیە کە بەهۆی کارنامەی نەنگینی دەسەڵاتی بۆرژوازی

بۆ لاپەڕە 12


# بۆ شورا کرێکارییەکان...

هۆنراوەی: بژار

هەتاوە مەزنەکەی هەڵاتووی گلێنە
تاریکی داگرە
بۆ ئەمرۆ لەتیشکت بەلافاو برژێنە
دەمێکە ئەبینم تورەییت ئاگرە
ئاگربە! باستەم
ببێتە ئەستێرەی کوژاوە
ئاگربە! بائیتر
وەک ڕێژنەی بروسکە بڕژێتە دونیاوە
هەڵسانە و هەڵمەتی بازووی تۆ
تێژرەوە..وەک هەڵۆ
شاڵاوی بورکانیت
ڕژێمی بۆرژوای خستۆتە شەکوشۆ
هەڵسانەوە مەهێڵە
بۆرژوا بەرگی تر کاتە بەر
پرپەدەم هاوارکە:
"کۆمۆنە" ی" پاریس" ێن
لە عێراق دێینە دەر!.

دارستان لە ئاستی
شاڵاوی سووری تۆ. نە چرەو نەزەبەنگ
کام شەپۆل گەورەیە لەکاتی جولآنتا
نایەوێ دەرکەوێ نەبەروو نە بەدەنگ
دەرکەوە ئەی هێزی شۆرشی ئۆکتۆبەر
دەرکەوە ئازادی هەر بەتۆ دێتەدەر
دەرکەوە! ساماڵی دوای تۆف و کرێوەی
دەرکەوە! ئەزانم دەمێکە بەرێوەی
دەرکەوە، وەک ئەوەی
شۆڕشت بلێسەی سەند بێ
دەرکەوە، وەک ئەوەی
حکومەتی شوراییت
سەراسەر وڵاتی عێراقی گرتبێ!
هەوری سوور ببارێ
وا کۆمەڵ چاوەڕێی باران

پشکۆیە
ئەی شورای کلپە سێن!
راپەرە شۆڕشی نەوەستاو بە تۆیە
کە دەنگی ئێوە دێ
قەڵبەزە شەرم ئەکات هاژەی خۆی دەبڕێ
لە سیمای ئێوەدا
پرشنگەوە بە لێشاو تاریکی سەر ئەبڕێ
هەر ئێوەن برینمان گۆشتەوە زوون دێننەوە
بەهاری ڕۆیشتوو جریوە ئاسایی بۆ دڵمان دێننەوە
ئەی شورای کرێکار هەوری سوور کلپەسێن!
نەهێڵن بۆ ڕێگای بۆرژوا لابدرێن
ڕۆژیکە و هاتووە! دەسەڵات وەرگرە
ئەزموونەوە زۆر هەیە
سەرمایە نەفەوتێ هەمیشە پەنگرە!
***



# بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای ڕەسام